ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752867

# بنیاتی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی ئەختەردا

Conference Paper · January 2015

CITATIONS
0

READS
1,346

2 authors:


Osman Hamad Dashti
Koya University
34 PUBLICATIONS 0 CITATIONS
SEE PROFILE


Srusht Jawhar Hawez
Koya University
2 PUBLICATIONS 0 CITATIONS
SEE PROFILE

Some of the authors of this publication are also working on these related projects:

Project It is belong to Kurdish Literature View project

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# بنیاتی ڕیتم له شیعره كوردییه‌كانی (ئه‌خته‌ر)دا

**پ.ی.د. عوسمان حمد خدر ده‌شتی          د. سروشت جه‌وهه‌ر حه‌وێز**

## پێشه‌كی

ڕیتم بنه‌ماو ڕه‌گه‌زێكی سه‌ره‌كی شیعره ، به‌هاو چه‌شه‌ی تایبه‌تی خۆی هه‌یه ، بۆیه په‌یوه‌ندی نێوان شیعرو ڕیتم په‌یوه‌ندییه‌كی به‌هێزه ، ڕیتم ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هه‌ستی ناخ و ده‌روونی شاعیره‌و ده‌بێته هۆی كاریگه‌ری خستنه‌سه‌ر هه‌ست و سۆزی وه‌رگر ، گرینگی ڕیتم و په‌یوه‌ندی پته‌وی له‌گه‌ڵ مۆسقاوه ، به‌وهۆیه‌وه‌ش كه‌وا ئاوازو مۆسقا به‌شێكی گرینگی بنیات و ئیستاتیكای شیعر پێكده‌هێنێت ، بۆیه هه‌میشه ڕیتمی شیعری ، به‌تایبه‌تیش شیعری كلاسیكی كوردی ، جێگای سه‌رنج و لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی بووه ، دیاره وه‌كو چۆن شیعر له ڕووی فۆرم و پێكهاته‌وه له كۆنه‌وه بۆ نوێ گۆڕانی به‌سه‌ر داهاتووه هه‌ر به‌و شێوه‌یه ڕیتمی شیعریش گۆڕاوه . چونكه ڕیتم پابه‌ندی شێوه‌ی شیعره ، له بنیادی كێش و سه‌رواو پێكهاته‌ی زمانییدا . لێره‌دا مه‌به‌ستمان له ریتم مۆسیقای شیعرییه به‌گشتی ، ریتم كه په‌یوه‌سته به‌سه‌روای ناوه‌وه ، به‌لاّم مۆسیقای شیعری له هه‌ردوو به‌شی ئاوازی ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه له زمان و كێش و سه‌روای شیعریدا یه‌كانگیر ده‌بن ، بۆیه ئاور له مه‌سه‌له‌كانی كێش و سه‌رواش دراوه‌ته‌وه . ئه‌م باسه لێكۆلینه‌وه‌یه‌كی ڕه‌خنه‌یی پراكتیكیه له مه‌ڕ شیعره كوردییه‌كانی (ئه‌خته‌ر)* ، كه شاعیرێكی به‌توانای كلاسیكی كورده ، تائێستا لێكۆڵینه‌وه له ڕیتم و مۆسیقای شیعره‌كانی نه‌كراوه ، هێزو تواناو سه‌لیقه‌ی شاعیری و به هێزی ڕیتم و مۆسیقای شیعره كوردییه‌كانی ، زۆر لایه‌نی جوانكاری ئه‌ده‌بی و هونه‌ری و زمانی تێدایه ، كه مایه‌ی سه‌رنجدان و لێكۆڵینه‌وه‌ن . ئه‌مه‌ش هه‌وڵێكه بۆ ڕۆشنایی خستنه‌سه‌ر ڕیتمی شیعره كوردییه‌كانی (ئه‌خته‌ر) و تایبه‌ته به هونه‌ره‌كانی بنیادی ڕیتم و مۆسیقای شیعری ، باسه‌كه به‌پێی ڕێبازی تیۆری و پراكتیكی ئه‌نجامدراوه . پرۆگرامی كاره‌كه‌ش به‌م جۆره داڕێژراوه : جگه له‌م پێشه‌كییه ، لێكۆڵینه‌وه‌كه له سێ ته‌وه‌ره‌ی سه‌ره‌كی و ئه‌نجام و لیستی سه‌رچاوه‌كان و پوخته‌ی باسه‌كه به‌زمانی عه‌ره‌بی و ئینگلیزی پێكهاتووه . ته‌وه‌ره‌ی یه‌كه‌م : بریتییه له چه‌مكی ڕیتم ، جۆره‌كانی ڕیتم ، كێش و ڕیتم ، له‌م ته‌وه‌ره‌دا چه‌مكی بنیاد و ڕیتم روونكراوه‌ته‌وه ، پاشان جۆره‌كانی ڕیتم و په‌یوه‌ندی نێوان كێش و ڕیتم و ڕیتم و شیعرو مۆسیقا كراوه ، جگه له ده‌رخستنی ئه‌و په‌یوه‌ندییه ڕۆڵی ڕیتم له‌و نێوه‌نده‌دا ڕوون كراوه‌ته‌وه . ته‌وه‌ره‌ی دووه‌م : - دووباره‌كردنه‌وه ، - ڕیتمی بێده‌نگ : ئه‌م ته‌وه‌ره‌یان له‌باره‌ی ڕیتمی ناوه‌وه‌ی شیعره ، كه تایبه‌تكراوه به دووباره‌كردنه‌وه وه‌ك ڕه‌گه‌زێكی سه‌ره‌كی و بنچینه‌یی دروست بوونی ڕیتم كه خۆی له دووباره‌بوونه‌وه‌ی (ده‌نگ و وشه‌و ده‌سته‌واژه‌و ڕه‌گه‌زدۆزی و جۆره‌كانی) ده‌بینێته‌وه ، پاشان سه‌رواسازی ناوه‌وه‌و جۆره‌كانی سه‌رواسازی و ئه‌و هونه‌ره ڕه‌وانبێژیانه‌ی كه ده‌بنه هۆی دروست بوونی ڕیتم . پاشانیش باس له ڕیتم ی بێده‌نگ و جۆره‌كانی و دروست بوونی كراوه‌و ڕوونكراوه‌ته‌وه . ته‌وه‌ره‌ی سێیه‌م : ڕیتمی كێش و قاڵبه كیشی شیعره كوردیه‌كانی (ئه‌خته‌ر) ، ئه‌م ته‌وه‌ره‌شیان باس له ڕیتمی ده‌نگدار ده‌كات و ڕیتمه‌كه‌ی جێگیره ، چونكه تایبه‌ته به‌كێش و سه‌روا ، تیادا كێش و قالبه‌كێش و ڕیتمی هه‌ریه‌ك له‌قالبه‌كێشه‌كان و گۆڕانكارییه عه‌رووزیه‌كان (زیحاف و عیلله)ی شیعره‌كان ده‌خه‌ینه‌ڕوو ، دواتریش چه‌ند لایه‌نێكی سه‌روای ده‌ره‌وه‌ی شیعر نیشانده‌درێت .

⋆ محمد ئه‌مین كوڕی حاجی به‌كر كوڕی محمد حوێز ئاغای حه‌وێزییه ، شاعیرێكی به‌هره‌داری شاری كۆیه یه ، به‌هۆی ده‌نگ خۆشییه‌كه‌یه‌وه نازناوی (ئه‌خته‌ر)ی له له هۆنراوه‌دا بۆ خۆی داناوه به‌مه‌به‌ستی بڵندی و به‌رزی وه‌ك ده‌ڵێن (فلاّن ئه‌ستێره‌ی به‌خت و سه‌عاده‌تی به‌رزه) ، له ساڵی (١٨٣٨)ی زایینی له كۆیه له دایك بووه ، (١٨٨٨)هه‌ر له كۆیه كۆچی دوایی ده‌كات . ... دیوانی ئه‌خته‌ر"ئه‌مین ئاغای حاجی به‌كراغای حه‌وێزی"(١٨٣٨-١٨٨٨)ز ، نوسین و كۆكردنه‌وه‌ی تاهر ئه‌حمه‌د حه‌وێزی ، ٢٠٠٢ .

**- تەوەرەی یەکەم :**

**- چەمکی بنیاد :**

**بنیاد پەیوەستە بە پێکهاتەو داڕشتنی بەشەکانی شیعر ، پەیوەستە بە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەوە واتە بنیادنانی دەقێك لە گشت ڕەگەزەکانییەوە . واتە لێکدان و داڕشتنی دەقە وەك چۆن ئیبن طباطبە دەڵێت ((بنیاد بەمانای داڕشتن و پێکهاتەو ڕێکخستن هاتووە))[1]لێرەدا بنیاد بە واتای داڕشتن و پێکهاتەو چۆنیەتی بنیادنانی دەقە ، کە شاعیر هەوڵدەدات چۆنی بوێت شیعرەکەی بنیاد بنێ . لە زمانی کوردیدا بەرانبەر زاراوەی (structure ) (بنیاد – بونیاد – نژیار) بەکاردێت [2]. بنیاد لە دەقدا بریتییە لە ((بنیادی دەستەواژەکان و وێنەو ڕیتم و بیرەکان و پێکهاتەی زمانەوانی))[3] واتە ئەو بەشانەی کە پێهاتەیەك دروست دەکەن و سەرجەمیان پێکەوە بەشداری تێدا دەکەن و گۆڕانی هەریەکێکیان دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەکە ، بەمجۆرەش بنیادنانی دەق لە ڕووی بنیادی پێکهاتەییەوە کاریگەری لەسەر هەست و نەستی وەرگر دەبێت . واتە بنیاد بریتییە ((لە کۆمەڵە گۆڕاوێك کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە ، بەو پێیەی ئەو گۆڕانکاریانە بۆ خۆیان سیستمێکن))[4] هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی دەقی شیعری توشی گۆڕانکاری بێت ئەوا ڕەگەزەکانی دیکەی دەقەکە توشی گۆڕان دەبێت ، کە گۆڕانکارییەکە خۆی دەبێتە سیستمێك . بۆنموونە بنیادی دەقێکی شیعری لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت وەك وێنەی شیعری و زمانی شیعر و ڕیتمی شیعر و ..... بەهەموویان بنیادی شیعرەکە پێکدێنن . ئەگەر گۆڕان بەسەر ڕیتمی شیعری دەقێك دابێت بنیادی مۆسیقای شیعرەکە دەگۆڕێت ، ئەمەش وادەکات ڕەگەزەکانی دیکەی دەقەکە گۆڕانیان بەسەردابێت .کەواتە ناتوانین بەشێك یا پێکهاتەیەك یا ڕەگەزێك وەربگرین بە دابڕاندنی لە بەشەکانی دیکەی دەقەکە . هەموو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی یان ئەدەبی بونیادێکی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ لێکۆڵینەوە لەو بونیادە ، پێویستە لەسەرمان دەقەکە شیبکەینەوەو بەش بەشیان کەین بۆ ئەو ڕەگەزانەی دەقەکەی لێ پێکهاتووە[5]. واتە بنیاد سیستەمە ، لەو سیستەمەدا بەشەکان بەیەکترییەوە بەستراون ، کە هیچ بەشێکی ناتوانێت لەدەرەوەی سیستەمەکەدا هەبێت . کەواتە بونیاد لە ڕێگەی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان بەشەکانەوە پشت بەیەکێتی گشتی ناوەوە دەبەستێت ، واتە بەشەکان بەسیستەمێك بەیەکەوە گرێدراون و کە کاری هەربەشێك بەسەر بەشەکانی ترەوە دیارەو بەیەکەوە بەستراون ، هیچ بەشێکیش ناتوانێ لەدەرەوەی بەشەکانی دیکەی سیستەمەکە هەبێت ، واتە ناتوانرێت سەرجەمی سیستەمێك بناسرێت بەبێ ناسینی بەشەکانی تری ، ئەمەش سیستەمێکە لە پەیوەندییە نێوخۆییەکان[6] . کەواتە بنیاد لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت کەدەشێ ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك بەسەر هەریەکێکیان ڕەگەزەکانی تریش بگۆڕێت ، واتە ناکرێت هیچ کامیان توشی گۆڕانکاری بێت بەبێ ئەنجامدانی**

---

[1] . ابن طباطبا العلوی ، عیار الشعر ، بیروت ، ١٩٨٢ ، ص١١

[2] .یاسر حەسەن تاهیر ، بنیدیَ ڕیتم ی دشعرا نوویا کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی دهۆك ، ٢٠٠٦ ، ل٦

[3] .سامان عیزەدین بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ، بەڕێوەبەریەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی ، چاپخانەی کەمال ، سلیمانی ، ٢٠١٠ ، ل٢٦

[4] . د. ایمان محمدامین الگیلانی ، بدر شاکر السیاب دراسة اسلوبیة لشعرة ، الطبعة الاولی ، دار وائل للنشر والتوزیع ، الاردن ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٨٣

[5] . د.غالب فاضل المطلبی ، فی الاصوات الغویة ، دائرة الشؤون الثقافیة والنشر دار الحریة للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٤ ، ل٧٧.

[6] . علی طاهر حسێن ، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن ڕەخنەی شیعری کوردی بەنمونەوە ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلیمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٣

گۆڕانکاری لەهەموو ڕەگەزەکانی تردا ، واتە مۆرکێکی سیستەمانەی هەیە ، لەمەوە بنیاد پێکهاتەیە لە ڕەگەزە پێکەوە بەستراوەکان کە هەر یەکێکیان بەبێ بوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر بوونی نابێت ، واتە ئەو پەیوەندییە بریتییە لە یەکگرتن و پێکهاتن و خولقاندن . بنیاد لە شیعردا لەسەر ئاستی زاراوەو ڕستەو ڕیتم پێکەوە گونجاون و ، لەنێوان هەر ڕەگەزێکی کە لە شێوەی زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکە ، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە پێکەوە گرێدانی سەرجەم بەشەکانی دەق . بنیادی ڕیتمیش لەو سیستەمەی سەرجەم بەشەکانی ڕیتم بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، هەر گۆڕانکارییەك لەهەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری سیستەمەکە ، تەواوی سیستەمەکە دەگۆڕێت . بنیادی ڕیتمیش لە هەموو دەقێکی شیعریدا بوونی هەیە و کە لەکاتی خوێندنەوەیەکی وردیدا هەستی پێدەکرێت[1] .

- **چەمکی ڕیتم :**

ڕیتم بنەماو ڕەگەزێی سەرەکی شیعرە بەگشتی و شیعری کلاسیکی کوردییە بەتایبەتی ، بەهای تایبەتی خۆی هەیە ، وشەی ڕیتم لە بنەڕەتدا ((لەوشەی (Rhythmos – ریثموس) ی گریکییەوە هاتووە ئەویش لە فرمانی (Rhein) داتاشراوە ، مانای هەڵبژاردن و هەڵقوڵان و هەستانی ڕووبار دەدات))[2]. بەگشتی ڕیتم ((ئەو گرژبوون و خاوبوونەوەیە لە نێوان دووحالەتی دەنگدارو بێدەنگ یا ڕووناکی و تاریکی یا جووڵەو وەستان یان بە هێزی بێ هێزی یا کورتی و درێژی یا خێرایی و هێواشی))[3] . واتە ڕیتم دووبارەکردنەوەی دیاردەیەکی دەنگییە کەلە بڕگەکان دروست دەبێت ، لە نێوان دووحاڵەتی بەدوای یەکداهاتوودا ، وەك هەناسەدان و لێدانی دڵ کە جۆرێکە لە ڕیتم ، چونکە ڕیتم تەنیا پەیوەست نییە بە شیعر یا بە پەخشان یا هەردەقێکی تری ئەدەبی ، بەڵکو سروشت و هونەرەکانی تریش ڕیتم یان هەیە . ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ڕیتمی شیعرە نەك ڕیتمی دیاردە سروشتییەکان یاخود هونەرەکانی تری ئەدەبی کە تائێستاش وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێ بەچەند جۆرێك پێناسە دەکرێت و جێگیر نەبووە . ((لە لێکۆڵینەوەی کۆن و ئێستاشدا ڕیتم ڕەگەزێکی سەرەکی ئیستاتیکای شیعرە))[4] ناوەڕۆکی زۆربەی پێناسەکانی ڕیتم جەخت لەسەر دووبارەکردنەوە دەکەنەوە ، مەبەست لە دووبارەکردنەوە دووبارەکردنەوەی دیاردە دەنگیەکانە . هەر ئەم دووبارەکردنەوەیەش دەبێتە سەرچاوەی دروست بوونی ڕیتم . واتە ((ڕیتمی شیعر بریتییە لە پێیەکان(تەفعیلەکان) ، یان دووبارە کردنەوەی ئەم ئاوازانەیە کە چەند جارێك لە پێیەکانەوە دەردەچێت))[5] بەمجۆرە ڕیتم لە دووبارەکردنەوەی دیاردە دەنگییەکانەوە هەستی پێدەکرێت و بریتییە لە کۆمەڵێك شەپۆلی دەنگی و لە ساتی دووبارەبوونەوەیاندا لە ڕێگەی خوێندنەوەوە دەبیسترێت و بە دیاردەکەوێت . لێرەدا ڕیتم ((دووبارەبوونەوەی دیاردەیەکی دەنگییە لە ماوەیەکی زەمەنیدا))[6] و بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگە لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا چێژ لە مۆسیقای شیعری وەردەگیرێت . لە شیعردا ڕیتم ئەرکی بەهێزکردنی مۆسیقای شیعرە ، جگەلەوەی واتا بەشێوەیەکی ئاسانتر بۆ گوێگر دەگوازێتەوە ، بۆیە

---

[1] . شاهۆ سعيد فتح اللة ، دلالات البناء الايقاعي في الشعر ، رسالة ماجستير ، كلية اللغات ، الجامعة السليمانية ، ١٩٩٩ ، ص٢٢

[2] . عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل٧١

[3] . د.هلال جهاد ، جماليات الشعر العربي ، الطبعة الاولى ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، ٢٠٠٧ ، ل ٧٤

[4] . د. هلال جهاد ، جماليات النص الشعري ، ص٧٣

[5] . الدكتور عيسى على العاكوب ، العاطفة والابداع الشعري ، الطبعة الاولى ، الطبعة العلمية ، ديمشق ، ٢٠٠٢ ، ص٢٢٣

[6] . الدكتور محمد مندور ، في الميزان الجديد ، دار النهضة ، مصر للطبع والنشر ، قاهرة ، ١٩٧٣ ، ص٢٣٤

شیعر بەبێ ڕیتم نابێت و خۆی لە بنەمادا وەکو ڕەگەزێکی بنچینەیی و سەرەکی شیعرەو لێی جیانابێتەوە شیعریەتیی دەق بەهێزتر دەکات .

**- جۆرەکانی ڕیتمی شیعری :**

**ڕیتمی شیعری بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت کە ئەوانیش بریتین لە :**

**١- ڕیتمی دەرەوە :**

ڕیتمی دەرەوەی شیعر پەیوەستە بە کێش و سەرواوە مەبەست لە ڕیتمی کێش دووبارەکردنەوەی پیتەکانی (تەفعیلە)و بەدوای یەکداهاتنیانە ، بەپێی یاساکانی عەرووز لە شیعری کلاسیکیدا ، کەوا یەکسانی ژمارەی برگەکانی دێڕێك و دێرەکانی دوای خۆی لێدەکەوێتەوە .[١] هەروەها دووبارەکردنەوەی سەرواش لە کۆتایی دێرەکاندا بە پێی یاساکانی تایبەت بە خۆی . ئەم ڕیتم و ئاوازە دوو لایەی کە لە ئاکامی کێش سەرواوە بەرپادەبن و یەکانگیردەبن ئاوازی دەرەوەی شیعری لێدەکەوێتەوە .

**٢- ڕیتمی ناوەوە :**

**ئەم جۆرەشیان دابەش دەبێت بۆ دووبەش :**

**١- ڕیتمی بیستراو :**

ئەم جۆرە ڕیتمە گرینگی خۆی هەیە ، پەیوەندی بە باری دەروونی ناوەوەی شاعیر هەیە و ڕادەی تواناو دەسەلاتی شیعری بەدیاردەخات ، بەوەی ئەم ڕیتمە((دەنگدانەوەی باری دەروونی و عاتیفی ئەو شاعیرەیە کە خاوەنی بیرو هەست و سۆزی تایبەتی خۆیەتی))[٢] ئەمجۆرە ڕیتمە بەهۆی دەنگەوە دەبیسترێ بریتییە لە ((ئاوازی دەنگەکان و پێکەوە گونجانیان و پاش و پێش خستنی وشەو بەکارهێنانی هەندێ لە ئامرازە زمانییەکان بە جۆرێك کە زۆرجار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبێت))[٣] ڕیتم و مۆسیقای ناوەوەی شیعر شان بەشانی مۆسیقای دەرەوە ڕیتم و مۆسیقای گشتی هۆنراوە پێکدەهێنێت .

**٢- ڕیتمی بێدەنگ :**

ئەم جۆرە ڕیتمەی ناوەوە بێدەنگەو پەیوەندی بەبیرەوە هەیە ، لە کاتی بیرکردنەوەدا هەستی پێدەکەین ، وەك دووبارەبوونەوەی دژیەکی . ((ئەگەر لە ڕیتمی دەرەوە ماوەی زەمەنی نێوان پێیەکان یان سەروای ستوونی یەکسان بێت ، ئەوا لە ڕیتمی ناوەوە بەهەردوو بەشەکەیەوە (دەنگدار — بێ دەنگ) کە بەڕیتمی جوڵاو ناو دەبرێ ، مەرج نییە ئەو زەمەنە یەکسان بێت))[٤] بەمەش ڕیتمێکی بێدەنگ دروست دەبێت .

**- کێش و ڕیتم :**

کێش و ڕیتم بنەمای سەرەکی شیعرە ، تایبەتە بە شیعرو بەهۆیەوە لە پەخشان یان هەر دەقێکی تری ئەدەبی جیا دەکرێتەوە ، هەرچەندە ڕیتم تایبەتیەکی زمانییەو لە پەخشانیشدا هەیە ، بەلاّم ڕیتم لە شیعردا دەوڵەمەندترەو

---

[١] . شاهۆ سعید ، دلالات البناء الایقاعی فی الشعر ، رسالة ماجستیر ، کلیة اللغات – جامعة السلیمانیة ، قسم العربی ، ١٩٩٩ ، ل ٧١ .

[٢] . عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩، ل٧٤

[٣] . ئاسۆ عمر مستەفا ، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێردو شێخ نوری شێخ صالح و گۆران ، چاپی یەکەم ، لەبلاوکراوەکانی دەزگای موکریان ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ ، ل١٣٠

[٤] .هیوا نورالدین عزیز ، بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی مصباح الدیوان(ئەدەب)دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی زمان ، بەشی کوردی ، ٢٠٠٩ ، ل٩

ئاوازدارترەو زیاتر پەیوەستە بە شیعرەوە و کێشیش مەرجی سەرەکی شیعرەو لە پەخشاندا نییە . پەیوەندییەکی بەهێز کێش و ڕیتم بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، هەر بۆیە ((کێش و ڕیتم لە شیعردا تەواوکەری یەکترین و بەهەردووکیان ئەو زەنگ و ئاوازە تایبەتییە بە شیعر دەدەن کە تەوژمێکی دەربڕین و کارتێکردنی پێدەدەن))[1]. کێش و ڕیتم لە شیعردا شان بەشانی یەکتر کاردەکەن ، سەرەڕای فراوانی مەودای ڕیتم لەچاو کێش ، کە بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەنگەکان لە بڕگەکاندا دروست دەبن ، چۆن شیعر بەبێ کێش نابێ بەم شێوەیەش بەبێ ڕیتم نابێ ، تەنانەت کێش لە شیعردا جێگیرە بەڵام ڕیتم جوڵاوەو دەگۆڕێت ، چونکە (ڕیتم جوڵەی هەستان و سۆزی دەروونە کەلە ناو قاڵبی کێشدا خۆی دەنوێنێ ، لەلایەکی ترەوە کێش قالبێکی ئامادەیەو بەگوێرەی ئەو یاسایە کاردەکات کە بۆی دانراوە ، کەچی ڕیتم پەیوەستە بەخودەوەو بەگوێرەی زمانی کەسی شاعیر و بابەتەکە دەگۆڕێت )[2] بۆیە دەکرێت لە قالبەکێشێکدا ڕیتمی جۆراوجۆری تێبکەوێت . کەواتە کێش و ڕیتم دوو ڕەگەزی گرینگی شیعرن ، مۆسیقای شیعر دروست دەکەن .

## - ڕیتم لە نێوان شیعرو مۆسیقادا :

بێگومان شیعر بەبێ مۆسیقا نابێت و پەیوەندییەکی لێك جیانەکراوەیان هەیە ، چونکە شیعر لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت بەهۆی دەنگەوە پێویستی بە وەرگرتن و بیستنە ، ڕیتم دەوری سەرەکی تێدا هەیە ، واتە ناوك و ڕەگەزی مۆسیقا ڕیتمە ، مۆسیقای شیعر بەهۆی ڕیتمی شیعرەوە دروست دەبێت ، ڕیتم مۆسیقای شیعر بەهێز دەکات و یارمەتی بەرزکردنەوەی دەدات و کاریگەری دەکات ، وەك ڕاگرێکە لە نێوان شیعرو مۆسیقادا بەوەی ڕیتم لە مۆسیقا جیاناکرێتەوەو ڕەگەزێکی سەرەکی شیعریشە ، ((ئەگەر شیعر لە مۆسیقا دابڕا یان ڕیتمی شیعرەکە لاواز بوو ئەوا کاریگەریەکەی کەم دەبێتەوە ، لە پەخشان نزیك دەبێتەوە))[3] کەواتە بەهۆی ڕیتم شیعر لە مۆسیقا نزیك دەبێتەوە ، ڕیتم بەشێکی گرینگی مۆسیقایە ، کە بە هۆی دووبارەکردنەوەی دەنگەوە دەبێت . ((دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێك بەرێك وپێکی بەهای چەشەیەك دەبەخشێت))[4] . ڕیتم ڕەگەزێکی سەرەکی و بنچینەیی دروست کردنی مۆسیقایە ، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی دەق و بەو شێوەیەش ((مۆسیقا یەکێکە لە پێکهاتەی ئیستاتیکی ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی شیعر))[5]. ئەو مۆسیقایەی کەلە شیعر دروست دەبێت یەکێکە لە پایەکانی دروست بوونی شیعر و جوانی پێدەبەخشێت ، کەواتە ڕیتمیش بەشێکە لە ئیستاتیکای شیعر بەوەی بەشێکە لە مۆسیقا ، چونکە ڕۆڵی کارای هەیە بەتایبەتی لە بەرزکردنەوەی بەهای شیعریەتی دەق ، بۆیە ((ڕیتم لە شیعر یا لە پەخشان یا لەهەر دەقێکی تربێت دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێ و پێکهاتەی دەقەکە ڕیتم پڕژێن بکات))[6] ئەم داڕشتن و دامەزراندنەی دەقیش هیچ کاتێك بەدەرنییە لە واتاو هەڵچوونی شاعیر کە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ سروشتی سۆزی شاعیر ، کە بەهۆیەوە مۆسیقایەکی وا دروست دەکات هەستی خوێنەر یا گوێگر

---

[1] . عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، ل ٧٣

[2] . سەرچاوەی پێشوو ، ٧٣–٧٤

[3] . د.نزار بريك هنيدى ، فى مهب الشعر ، منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠١ ، ص١٩

[4] . جان کۆهین، بنیاتی زمانی شیعری ، وەرگێرانی د. ئازاد عبدالواحید، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد ،لقی کەرکوك ،چاپخانەی ئاربخا،چاپی یەکەم ،٢٠٠٨، ل٤١

[5] . ئاسۆ عومەر مستەفا ، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێردو شێخ نوری شێخ سالح و گۆران ، ل١٠٧

[6] . هێمن عومەر خۆشناو ، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی لێکۆلینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە ، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ٧٤

دەهەژێنێ ، ئەو مۆسیقا بەهێزەی شیعریش بەتایبەتی مۆسیقای دووبارەکردنەوەی دەنگ بەر لە واتاو وێنەی شیعری هەستی پێدەکەین ، ئەویش لەبەر بەهێزی هەستی بیستنە لای مرۆڤ .

**- تەوەرەی دووەم :**

ئەم تەوەرەیان لەبارەی ڕیتمی ناوەوەی شیعرە کە تایبەتکراوە بە دووبارەکردنەوە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی و بنچینەیی دروست بوونی ڕیتم ، کە خۆی لە دووبارەبوونەوەی (دەنگ و وشەو دەستەواژەو ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی) دەبینێتەوە .

**- دووبارەکردنەوە :**

دووبارەکردنەوە یەکێکە لە هونەرەکانی شیعر ، کە پەیوەندییەکی بەتینی بەلایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەنگ و وشە و دەستەواژەو ڕستەکانەوە هەیە[1] ، وەکو چۆن پەیوەستە بەکاریگەری دەروونی شاعیرەوە کە بەوهۆیەوە ئاوازو مۆسیقایەکی خۆش دەبەخشێتە وەرگر ، کەواتە دووبارەکردنەوە یاسای سەرەکی دروست بوونی ڕیتمەو گرینگی تایبەتی لە ناو دەقدا هەیە ، ڕیتم لە دەقدا کەلە دەنگە (بێدەنگ و دەنگدارەکانەوە)دەردێت بەهۆی دووبارەکردنەوەوە دروست دەبێت . (دووبارەکردنەوە جگەلە بەهێزکردنی واتا ، لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئاوازەی دەنگەکان مۆسیقاش شان بەشانی واتا دەزرینگێتەوە)[2]بەواتایەکی تر دووبارە کردنەوە پەیوەندی بەبەستنەوەی نێوان ڕیتم و واتاشەوە هەیە ، دووبارەکردنەوە خۆی دەچێتە خزمەتی واتا بۆ جەخت کردنەوەی واتاکە و دەبێتە شێوەیەکیش بۆ ڕێکخستنی دەق .

**- جۆرەکانی دووبارەکردنەوە :**

**- دووبارەکردنەوەی دەنگ :**

مەبەست لە دووبارەکردنەوەی دەنگ دووبارەکردنەوەی دەنگێکی تایبەتە لە دێرە شیعردا ، کە شاعیر بۆ بەهێز کردنی ڕیتم و مۆسیقای ناوەوە پەنای دەباتە بەر ، ئەم دیاردەیەش سەرجەم شاعیران پەیڕەوی دەکەن .

**- دەنگە بزوێنەکان : ا ، و ، ی**

**/ ا /** یەکێکە لە دەنگە درێژەکانی زمانی کوردی و ڕوون و ئاشکرایە . بۆ نموونە (ئەختەر)دەڵێت :

**ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفادارم**

**کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم** دیوانی ئەختەر ل ٧٠

لەم دوو نیوەدێرە شیعرەدا شاعیر (٧)جار دەنگی / ا / دووبارە دەکاتەوە لە وشەکانی (هیجرانی ، یاری وەفادارم ، کوژراوی ، موژگانی ، نازدارم)دا . دیارە دەنگەکە سیفەتی درێژی و ڕوونی تێدایە ، ئەم ڕوونی و درێژیەش لەگەڵ ئەو وەسفەی کە بۆ یارەکەی دەیکا دەگونجێت ، وەسفێکی واش پێویستی بەو دەنگە درێژە هەیە ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بەناخی شاعیرەوە هەیە . جگە لە دەنگی / ا / دەنگی / ی / یش کە دەنگێکە سیفەتی درێژی و نەرمی تێدایە ، لەم دوو نیوەدێرەدا شاعیر (١٢) جار دەنگی (ی)دووبارەدەکاتەوە ، لە وشەکانی (ئەسیری ، میحنەتی ، هیجرانی ، یاری ، کوژراوی ، خەنجەری ، موژگانی ، مەحبووبی) جگە لە ڕیتمەکەی بەدەرنییە لەلایەنی دەروونی و نەرمی و درێژی ، کە لەگەڵ واتای دێرەکە بەشێوەیەك دەگونجێت ، شاعیر بەمەبەست ئەو دەنگەی دووبارەکردۆتەوە ، وەسفێکی هێواش و لەسەرخۆی بۆ یارەکەی کردووە ، بەوەی لە هەموو وشەیەك

---

[1] . سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٥

[2] . نازك الملائكة ، قضيا الشعر المعاصر ، طبعة الثالثة عشر ، دار العلم الملايين ، بيروت ، ٢٠٠٤ ، ص ٢٦٤

هەست بەوەستانێك دەكرێت ، ئەم هێواشیەش لەگەڵ سیفەتی نەرمی دەنگەكە دەگونجێت ، درێژی وەسفەكەش چەندجار لەسەر یەك بەجۆرێ وەسفی دەكات كە لەگەڵ درێژی دەنگە دووبارەبووەوەكە گونجانێكی تەواو دروست دەكات ، بەمەش شاعیر سەركەوتووبووە لە هەڵبژاردنی دەنگەكە .

جگە لەم دەنگە بزوێنانە ، دەنگی نەبزوێنی (م)یش لەم دێرە شیعرەدا چەند جار دووبارە بۆتەوە ، كە ڕیتمی شیعرەكەی زیاتر دڵرفێن كردووە ، دەنگی (م) دەنگێكە دەنگدانەوەی هەیەو ئاوازێكی تایبەتی هەیە ، شاعیر بەهۆی ئەم دەنگەوە هونەری كەرت كردنی ئەنجام داوە ، كە وەك سەرواى كەرت كردنەكە دووبارەبۆتەوە بەمەش زیاتر دەزرینگێتەوە . وەك لە وشەكانی (هیجرانی تۆم ، یاری وەفادارم ، موژگانی تۆم ، مەحبووبی نازدارم ) لێرەدا شاعیر لە دووبارەكردنەوەی دەنگدا تارادەیەك بە توانا بووە .

یا دەڵێ :

**فیدات بم تاكەی ئەم جەورو جەفایە**

**بەهیجران كوشتنی عاشق خەتایە** دیوانی ئەختەر ل٦٤

لەم دوو نیوەدێرەدا شاعیر (٦)جار دەنگی / ا / دووبارە دەكاتەوە ، لە وشەكانی (فیدات ، تاكەی جەفایە ، هیجران ، عاشق ، خەتایە)دا . دیارە دەنگەكە سیفەتی درێژی و ڕوونی تێدایە ، ئەم ڕوونی و درێژیەش لەگەڵ ئەو وەسفەی كە بۆ عەشقەكەی دەیكا دەگونجێت ، وەسفێكی واش پێویستی بەو دەنگە درێژە هەیە ، ئەمجۆرە وەسفەش پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی بەناخی شاعیرەوە هەیە .

- **دەنگی / و /** ئەم دەنگەش سیفەتی درێژی و نەرمی تێدایە و شاعیر وەك هەر دەنگێكی تری زمان سوودی لەم دەنگەش وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەندكردنی مۆسیقاو ڕیتمی شیعرەكەی ، كە بەدرێژی دەنگەكە ئاواز و ڕیتمێكی پڕ چێژ دەبەخشێتە دێرە شیعرەكەی . وەك دەڵێت :

**فیدای چاوی سیاهت بوو ، ئەگەر هۆش و دڵێكم بوو**

**بەتاراجی نیگاهت چوو ، ئەگەر عەقڵ و ئەگەر دینە** دیوانی ئەختەر ل٦١

دەنگی / و / چەندجارێك دووبارەبۆتەوە لە وشەكانی (چاوی ، سیاهت بوو ، هۆش و ، دڵێكم بوو ، نیگاهت چوو ، عەقڵ و) ئەمەش وادەكات ڕیتمی دێرە شیعرەكە زیاتر بەهێزبێت و مۆسیقایەكی خۆش ببەخشێتە دوو نیوەدێرەكە .

- **دەنگە نەبزوێنەكان :**

**دەنگی / م /** یەكێكە لەو دەنگانەی كە هێواشی و بەهێزی تێدایە . شاعیر وەكو لەم دێرەی خوارەوەدا بەكاری هێناوەو ئاوازێكی خۆشیشی داوە بەناوەوەی دێرە شیعرەكە .

**جەمیعی عاشقان ئیمرۆ هەمووی هاتوونە پا بۆست**

**منیش هاتم بفەرمووی بمكوژن بمكەن بە قوربانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

لێرەدا شاعیر دەنگی / م / (٨)جار دووبارە دەكاتەوە ، كە ڕیتمی ناوەوەی نیوەدێرەكانی زیاتر دڵرفێن كردوەو ئاوازەیەكی تایبەتی هەیە .

دروست بوونی ڕیتمی دەنگ وەنەبێ پەیوەندی بە زۆر دووبارەكردنەوەی چەند دەنگێك هەبێت ، بەڵكو هەندێ جار شاعیر تەنها دەنگێك یا چەند جارێك دووبارە دەكاتەوەو ڕیتمێكی ئاشكراو بەهێزی لێ دروست دەكات . وەك لەم نموونەدا دەردەكەوێت كە دەڵێت :

**گرفتارم بەسیحری چاوەكانی مەستی فەتتانت**

**بریندارم بەزەخمی سینەدوزی تیری موژگانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

**دەنگی / ت /** لە نیوەدێری یەکەم پێنج جار دووبارە بۆتەوە ، لە نیوەی دووەمیش دوو جار ، کەچی بە ئاسانی هەست بە ڕیتمەکە دەکرێت ، ئەمەش لەبەر گرینگی شوێنی دووبارەبوونەوەکەیە ، چونکە شوێنی دووبارە گرینگترە لە ڕێژەی دووبارەکردنەوە ، هەروەها دەنگی / ی / هەشت جار دووبارە بۆتەوە سێ جار لە نیوەدێری یەکەم و پێنج جار لە نیوەدێری دووەم ، ئاوازەیەکی خۆشی داوە بە دوو نیوە دێرەکەو لەگەڵ دەنگی / ت / فرە ڕیتمی دەنگی دروست دەکەن . ئەمەش توانای شاعیر پیشان دەدات لە دووبارەکردنەوەی ڕێکی دەنگی / ی / بە شێوەیەکی یەکسان لە هەردوو نیوە دێرەکەدا ، لە وشەکانی (بەسیحری ، چاوەکانی ، مەستی ، بەزەخمی ، دوزی ، تیری) کە ئەم دابەشکردنە ڕێکە ئاوازو مۆسیقای دێرەکە بەرزدەکاتەوە .

**دەنگی / ن /** یش دەنگێکە سیفەتی ڕوونی تێدایەو گنە . شاعیربۆ خۆشکردنی ڕیتم و ئاوازەی ناوەوەی شیعرەکەی بەکاریهێناوە . وەك دەڵێت :

**منِ دەزانم چاوەکانت مولکی دین وێران دەکەن**

**پەرچەم و ئەگریجەکانت قەسدی جسم و جان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٨

دەنگی / ن / لە نیوەی یەکەم شەش جار دووبارەبۆتەوە ، لە نیوەی دووەمیش سێ جار دووبارەبۆتەوە ، دەنگەکان هەریەکەیان ڕیتم و ئاوازەیەکی خۆی هەیە ، ڕیتمێکی بە هێزی داوە بەشیعرەکە . لێرەدا دووبارەبوونەوەی دەنگی / ن / پەیوەستە بەلایەنی دەروونی و حەزینی شاعیرەوە ، چونکە دەنگی / ن / یەکێکە لەو دەنگانەی کە حەزینە ، لێرەدا لەگەڵ واتای دێرەکە بەشێوەیەك دەگونجێت ، شاعیر بەمەبەست ئەو دەنگەی دووبارەکردۆتەوە ، وەسفێکی هێواش و لەسەرخۆی بۆ یارەکەی کردووە ، بەوەی لە هەموو وشەیەك هەست بەوەستانێك دەکرێت ، ئەم هێواشیەش لەگەڵ سیفەتی حەزینی دەنگەکە دەگونجێت ، حەزینی وەسفەکەش چەندجار لەسەر یەك ، بەجۆرێ وەسفی دەکات کە لەگەڵ کورتی دەنگە دووبارەبووەکە گونجانێکی تەواو دروست دەکات ، بەمەش شاعیر سەرکەوتووبووە لە هەڵبژاردنی دەنگەکە .

**- دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ بەسەریەکەوە :**

**بە بەزمی وەسڵی تۆ تا خاتری میحنەتکەشم دوورە**

**لە چەنگی جەور و غەم نالەم بە وێنەی تارو تەنبوورە** دیوانی ئەختەر ل٦٣

**- دووبارە کردنەوەی دوو دەنگ بە پێچەوانە :**

**بە تیری غەمزەکەت لەت لەت بووە جەرگم**

**عیلاجی گەر نەکەی کارم کرایە** دیوانی ئەختەر ل٦٤

دەنگەکانی ( ا + ر ) ، ( ر + ا ) بە پێچەوانەی یەکتر دووبارەبۆتەوە .

**- بەریەککەوتنی دەنگەکان :**

مەبەست لە بەریەککەوتنی دەنگەکان ئەوەیە ((لە وشەیەك یان دوو وشەی هاوسێی یەکتری ، فۆنێمە هاوشێوەکان بەریەك دەکەون و ڕادەی درێژی دەنگێك بەم بەریەککەوتنە دوو ئەوەندە دەبێت بێ ئەوەی دەنگی دیکەیان بکەوێتە نێوان))[1] واتە شاعیر دەنگە دووبارەبووەکە دابەش ناکاتە سەر وشەکانی نێو دێرەکە . بۆ نموونە

**- بەریەککەوتنی دەنگ لە نێو یەك وشەدا :**

[1] . هێمن عومەر خۆشناو ، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، ل ١٠٧

**لە هیجری چاوەکەی مەستت دڵ و دینم بە غارەت چوو**

**میثالی شێخی سەنعانی خەریکی دێر و زیننارم** دیوانی ئەختەر ل٧٠

دوو دەنگی / ت / لە وشەی (مەستت) دا بەریەککەوتوون . یا دوو دەنگی / ن / لە وشەی (زیننارم)دا بەریەککەوتوون ، دەنگەکان هەریەکەیان کەوتۆتە ناوبڕگەیەکی وشەکە . لێرەدا دەنگە دووبارەبووەکە لە سنووری وشە تێپەڕ ناکات ، ئەمەش بۆ بەریەککەوتنی دەنگەکانە ، شاعیر بەمەبەستی بەهێزکردنی تاکە وشەیەك یا دوو وشەی تەك یەکتریە ، کە دەنگە بەریەککەوتوەکە لە کاتی خوێندنەوەدا یا لەکاتی بیستنیدا وەك یەك دەنگی لێدێ بەلاَم وەستانێك لەسەر دەنگەکە هەیە ، کە ئاوازەیەکی خۆش دەدات بەڕیتمی دێرە شیعرەکە .

**- بەریەککەوتنی دەنگ لە ناو دوو وشەدا :**

**گوتم : ئەی دڵ حەیات بێ نەقدی عەقل و دین لە دەست چوو**

**گوتی : لۆمەم مەکە ، سووچم نییە بازاڕی سەودایە** دیوانی ئەختەر ل٦٢

دوو دەنگی (م) یەکێکیان لە (لۆمەم) و ئەوی تریشیان لە (مەکە) دایە ، لە ئەنجامی کەوتنە تەنیشت یەکی وشەکان دەنگەکان بەریەك دەکەون ، لەم جۆرەدا دەبێ دەنگێك لە کۆتایی وشەی یەکەم و ئەوی تریشیان لەسەرەتای وشەی دووەم بێت ، بۆ ئەوەی دیاردەی بەریەککەوتن ڕوبدات .

یان دەڵێ :

**دەخیلت بم سەبا حاڵی پەشێوم عەرزی جانان کە**

**بەزاری دامەنی بگرە ، لە جەوری هیجری ئەففان کە** دیوانی ئەختەر ل٦٥

دوو دەنگی (ج) یەکێکیان لە (جەوری) و ئەوی تریشیان لە (هیجری) دایە ، لە ئەنجامی کەوتنە تەنیشت یەکی وشەکان دەنگەکان بەریەك دەکەون ، بەڕوونی دەبیسترێن و ئاوازێکی درێژو کێشراو بەرپادەکەن .

لە شیعری (من دەزانم)دا دەڵێت :

**من دەزانم چاوەکانت موڵکی دین وێران دەکەن**

**پەرچەم و ئەگریجەکانت قەسدی جیسم و جان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٦

دەنگی/ ج / لە وشەکانی ( جسم - جان) لە ئەنجامی کەوتنە تەنیشت یەکیان بەریەك دەکەون ، لەم جۆرەیاندا لە هەردووکیان لە سەرەتاوە هاتوون و دیاردەی بەریەککەوتنەکەش ڕوویداوە .

**- دووبارەکردنەوەی وشە :**

دووبارەکردنەوەی وشە یەکێکە لە شێوەکانی دووبارە کردنەوە لە شیعردا کە شاعیر بەمەبەست دەیکات و بۆ خۆشکردن و بەهێزبوونی ئاوازەی ڕیتمی دەق . دووبارەکردنەوەی وشەش لە چەند شێوەیەکدا بەدیار دەکەوێت . وەك بۆنموونە دووبارەکردنەوەی یەکسان : واتە وشەکان وەکو یەك وابن و یەك واتایان هەبێت لە هەرشوێنێکدابێت ، بۆنموونە گەر وشەکان شوێنیان جیاوازبێت :

**قازی و کە موفتی دوێنێ نەسیحەتی منیان دەکرد**

**ئیمڕۆ قازی موتریبە و ساقی جەنابی موفتییە** دیوانی ئەختەر ل٦٩

وشەی (قازی ، موفتی) جارێك لە نیوەی یەکەم و جارێکیش لە نیوەی دووەم دووبارەبۆتەوە .

دووبارەکردنەوەکە لە شێوەیەکی تر بۆنموونە وشەکان هاوشوێن بن وەك :

**نەونەماما بۆ نیگاهی تۆ دەروونم لەت لەتە**

**چاوی بێ مەیلت لەگەڵ من عەینی دەردو زیللەتە** دیوانی ئەختەر ل٦٨

وشەی (لەت) بە شێوەی یەکسان و هاوشوێن دووبارەبۆتەوە ، ئەم دووبارەکردنەوەش جگە لە بەهاو ڕیتمەکەی جۆرە هاوسەنگیەکیش دروست دەکات .

**دووبارەکردنەوە لە شێوەیەکی تر ، بۆنموونە دووبارەکردنەوەی نایەکسان :** واتە دووبارەکردنەوەی وشە بەشێوەی نایەکسان ، بەشێوەیەك شاعیر گوێ ناداتە دابەش کردنی یەکسانی وشەکان ، بەڵکو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دووبارەیان دەکاتەوە . وەك :

**بێ نەواو و دەرد مەندم ، تۆی تەبیبی دەردەدار**

**گەرنەکەی دەرمانی دەردم حەسرەتم لەم نەگبەتە** دیوانی ئەختەر ل٦٨

وشەی (دەرد) بەشێوەی نایەکسان دووجار دووبارە بۆتەوە لە نیوەی یەکەم لە وشەی (دەردەدار) و لە نیوەی دووەمیش لە وشەی (دەردم).

**- دووبارەکردنەوە لە شێوەیەکی تر ، بۆنموونە وشەکان وەکو یەك بەتەك یەکتریەوەو بەشێوەیەکی یەکسان بێن وەك :**

**بە تیری غەمزەکەت لەت لەت بووە جەرگم**

**عیلاجی گەر نەکەی کارم کرایە** دیوانی ئەختەر ل٦٤

وشەی (لەت) بەشێوەی یەکسان دووجار لە نیوەی یەکەم دووبارەبۆتەوە .

**- دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە :**

شاعیر دەستەواژەیە کەلە سەرەتای شیعرەکەوە تاکۆتایی بەشێوەی ستوونی دووبارە دەکاتەوە ، بەمەش ئاوازێك و ڕیتمێکی خۆشی داوە بە شیعرەکە . وەك بۆ نموونە :

**دەماغم وەزنە ئەمشەو چل شەوە**

**سەدای زیل و بەم بەزمی خوسرەوە**

**دەماغم وەزنە مانگی مەولوودە**

**بێنە ماچت کەم ماچم مەقسوودە**

**دەماغم وەزنە مانگی نیسانە**

**بێنە ماچت کەم بووم بەدێوانە** دیوانی ئەختەر ل٦١

شیعرەکە شەش نیوە دێرەو لە تەواوی شیعرەکەدا دەستەواژەی (دەماغم وەزنە) ( بێنە ماچت کەم)دووبارەبۆتەوە ، ئەم دووبارەبوونەوەیەش بۆ پاڵپشتیکردنی ڕیتمی سەروایە و جگە لە ڕیتمی دووبارەبوونەوەی وشەکان کە بەمەبەستی جوانکاری و بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر کراوە .

**- رد العجز علی الصدر :**

جۆرێکە لە دووبارەکردنەوەو یاریکردن بەوشەو هونەری جوانکاری وشەیە ، کە شاعیر بۆ بەهێزکردنی ڕیتم بەکاری دێنێ . ئەم هونەرە بریتییە لەوەی ((شاعیر وشەیەك لەسەرەتادا یا لە ناوەڕاستی دێرە شیعر بێنی پاشان هەمان وشە لە کۆتایی دێرە شیعرەکە بێنیتەوە))[1]. واتە شاعیر وشەیەك دێنی و جا لەسەرەتای نیوەدێری یەکەم بێت یا لە ناوەڕاستی یا لە کۆتایی بێت ، پاشان هەمان وشە بێنێتەوە لە کۆتایی نیوەدێری دووەم . وەك بۆ نمونە : وادەبێت وشەی کۆتایی نیوەدێری یەکەم وەکو وشەی کۆتایی نیوەدێری دووەم بێت :

[1] . عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم – جوانکاری ، چاپخانەی شارەوانی ، هەولێر ، ١٩٧٥ ، ل٤٣

**سەرم گێژ و دڵم بریانە بێ تۆ**

**لە دووریت پیشەکەم گریانە بێ تۆ** دیوانی ئەختەر ل٦٧

یا وادەبێ وشەی ناوەڕاست یا دووەم وشەی نیوەدێری یەکەم لە کۆتایی نیوەی دووەم دووبارەبێتەوە :

**قازی و کە موفتی دوێنێ نەسیحەتی منیان دەکرد**

**ئیمرۆ قازی موتریبە و ساقی جەنابی موفتییە** دیوانی ئەختەر ل٦٩

**- دووبارەکردنەوەی جێناو :**

دووبارەکردنەوەی جێناو وەك هەردووبارەکردنەوەیەکی تر ڕیتمی خۆی هەیەو ئاوازەیەکی خۆش دەدات بە ڕیتمی شیعر . بۆنموونە دووبارەکردنەوەی جێناوی کەسی لکاو و سەربەخۆ ، وەك :

**سەرم گێژ و دڵم بریانە بێ تۆ**

**لە دووریت پیشەکەم گریانە بێ تۆ** دیوانی ئەختەر ل٦٧

لێرەدا جێناوی لکاوی (م) سێ جار دووبارەبۆتەوە ، جێناوی کەسی سەربەخۆی (تۆ) وەکو پاش سەروا لە سەراپای دەقەکە دووبارە بۆتەوە ، هەڵبژاردنی (تۆ) و (م) وەکو سەروای دەقەکە جەخت کردنی شاعیرە لە سەخۆی و یارەکەی ، کەبەدەرنییە لە حاڵەتی دەروونی .

ڕیتمی دووبارەکردنەوەی جێناوە لکاوەکانیش وەکو ڕیتمی دووبارەکردنەوەی دەنگە ، چونکە خۆیان وەکو دەنگێك دووبارە دەبنەوە . وەك بۆنموونە شاعیر دەڵێت :

**ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفادارم**

**کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم** دیوانی ئەختەر ل٧٠

لەم دێڕەدا جێناوی لکاوی (ی) کە بۆکەسی دووەمی تاکە هەشت جار دووبارەبۆتەوە ، جێناوی (م) کە بۆکەسی یەکەمی تاکە چوار جار دووبارەبۆتەوە ، ئاوازەیەکی خۆشیان داوە بەڕیتم ی دێرە شیعرەکە .

**- ڕەگەزدۆزی :**

ڕەگەزدۆزی یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری لە دەقی شیعری و ڕۆڵێکی گرینگ لە پێکهاتەی ڕیتم و ئاوازی ناوەوەی شیعردا دەگێڕێ ، ئەم وشانەی کە ڕەگەزدۆزیان لێ دەکەوێتەوە دەبنە هۆی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر .((ڕەگەزدۆزی بەهەموو جۆرەکانیەوە ڕۆڵێکی گرینگ لە پێکهاتەی ڕیتمی مۆزیکاڵی شیعردا دەگێڕێ))[1] کەواتە ئەو وشانەی دووبارە دەبنەوەو دەبنە ڕەگەزدۆزی ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە دروست بوونی ڕیتمی دێرە شیعر ، ڕیتمەکەش لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی ترە لە دێرە شیعرێکدایە ، کە ڕیتمێکی بەهێز لەناو دەقدا دروست دەکات ، لە ڕێگەی پشت بەستن بە لێچوونی وشەکان و دەنگەکانیان . ڕەگەزدۆزی ئەوەیە ((دوو وشە یا پتر بێنی کە لە ڕواڵەتدا وەکو یەك وابن بەیەك بچن ، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت جودا لە واتای وشەکانی تر))[2]. ڕەگەزدۆزیش دوو جۆری سەرەکی هەیە ئەویش تەواو - ناتەواو ، ڕەگەزدۆزی تەواو ئەوەیە(وشە دووبارەبووەکان کت و مت وەکو یەك وابن ، هیچ جیاوازیەکیان نەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ)[3] واتە وشەکان لە ڕواڵەتدا وەکو یەك وابن بەڵام واتایان جودابێت . وەك لەم نموونەدا دەردەکەوێت :

[1] . شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری ، چاپا ئێکێ ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سپیرێز ، دهۆك ، ٢٠٠٨ ، ل١١٦

[2] . عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم – جوانکاری ، ل ٧

[3] . سەرچاوەی پێشوو ، ل٧

**لەبەر داغی فیراقت سینە وو دڵ ڕیشە وا ڕیشە**

**عیلاجم مەرهەمی وەسلە ، دەمێ ئەم زامە دەرمان کە** دیوانی ئەختەر ل٦٦

ڕەگەزدۆزی لە نێوان هەردوو وشەی (ڕیشە) دایە ، ڕیشە لە جاریی یەکەمدا بەمانای برین و زامداری دێت ، بەڵام (ڕیشە) لە جاری دووەمدا بەمانای کون و کون و لەت لەت دێت ، وشەکان لە ڕواڵەتدا وەکو یەکن لە واتاشدا جیاوازن ، بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن .

**ڕەگەزدۆزی ناتەواویش** ئەوەیە (ئەو وشانەی ڕەگەز دۆزیەکە دروست دەکەن ، یەکێ لە مەرجەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو جێبەجێ نەکرابێت)[1]واتە وشەکان لە ڕووی ژمارەی دەنگەوە یا شێوەی ڕیزبونیان ... وەکو ڕەگەزدۆزی تەواو نەبێت . بۆ نموونە :

**ڕەقیب تا مەحرەمی دڵدارە من مەحروومی دیدارم**

**لە دەوری چەرخی کەچ ڕوو (ئەختەر)ی سەرگەشتە مەغدوورە** دیوانی ئەختەر ل٦٣

لە نێوان (مەحرەمی – مەحروومی) ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست بووە ، وشەی دووەم (مەحروومی)دەنگێکی لە وشەی یەکەم (مەحرەمی) زیاترە ، دەنگە زیادەکەش لە ناوەڕاستایە ، ئەمجۆرە ڕەگەزۆزیەش (مکتنف) ی پێدەڵێن . ڕیتمێکی خۆشی داوە بە ناوەوەو دەرەوەی دێرە شیعرەکە .

**دەروونم لەت لەتە ئاهم شەرارە**

**کە ئاوی چاوی من بارانە بێ تۆ** دیوانی ئەختەر ل٦٧

لە نێوان هەردوو (لەت – لەتە ) ڕەگەز دۆزی ناتەواو هەیە ، (لەتە) دەنگێکی لە (لەت) زیاترە کە بەمانای تەئکید کردنەوەی پارچە پارچەبوون دێت ، ئەمجۆرە ڕەگەزدۆزییەش (مطرف)[2] ی پێدەڵێن .

**وەکو دوشمن بەخوێنم تینووە چاوی سیا ڕەنگی**

**فتنەجۆیە وا دەزانی کافرم کەوتوومە چەنگی** دیوانی ئەختەر ل٦٣

(ڕەنگی ، چەنگی) دوو وشەن ڕەگەزدۆزیان دروست کردووە ، دەنگی ( ڕ – چ) جیاوازیەکیان دروست کردووە کە سازگەیان لەیەك دوورە ، بەمجۆرەش ڕەگەزدۆزی (لاحیق)یان دروست کردووە .

**چاوەکانت ڕشتوون فتوای بەقەتلی من دەدەن**

**عیدی قوربانە ئەمن روانیووومە من قوربان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٦

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی ( دەدەن – دەکەن) دایە ، دەنگی / د / و دەنگی / ك / سازگەیان لەیەکتر نزیکە بەمجۆرەش ڕەگەز دۆزی (مضارع) دروست دەبێت .

**فیدات بم تاکەی ئەم جەورو جەفایە**

**بەهیجران کوشتنی عاشق خەتایە** دیوانی ئەختەر ل٦٤

ڕەگەزدۆزی لە نێوان (جەور و جەفا) دایە ، هەردووکیان یەك سەرچاوەیان هەیە ، بەمەش ڕەگەزدۆزی ئیشتیقاق دروست دەکەن .

**لە دووری تۆ ، لە تۆ دوور ڕووحەکەی من**

**نەسیبی دڵ بەلاً وو دەرد و ڕەنجە** دیوانی ئەختەر ل٦٧

---

[1] . ئیدریس عەبدوڵڵا ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردی ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم ، سلیمانی ، ٢٠٠٣ ، ل٢٩

[2] . احمد الهاشمی ، جواهر البلاغة ، دار احیاء التراث العربی ، بیروت ، لبنان ، ص١٤٦

(لە دووری تۆ - لە تۆ دوور) ڕەگەزدۆزیان دروست کردووە ، جیاوازییەکەشیان لە گۆڕانی ڕیزی دەنگەکانە ، بەمەش ڕەگەزدۆزی (مقلوب)ی دروست کردووە . ئاوازەیەکی خۆشی داوە بەڕیتمی دێرە شیعرەکە .

**- سەرواسازی ناوەوە :**

ئەمە لە ڕاستیدا هونەرێکە کار لەسەر ڕازاندنەوەی دیوی دەرەوەی دێڕو نێوە دێڕەکانی شیعر کار دەکات ، واتە لەسەر ئاستی ئاسۆیی کار دەکات و کاریگەری بەسەر ئاوازی شیعریەوە دەبێت [1]. دیارترین هونەریش لە سەرواسازی ناوەوەدا بریتییە لە (کەرت کردن)، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**١- کەرتکردن :**

بریتییە لە ڕیتم و سەروای ناوەوەی شیعر ، ئەویش بەکەرتکردنی نیوە دێرەکان و سەروادارکردنیان ، بەمەش ڕیتمی شیعر بەهێز دەکات . کەرتکردن ئەو سەروایەیە کە ((شاعیر جگە لەسەروای گشتی شیعرەکە بۆ تفعیلە و دەستەواژەکانی نێو دێرو نیوەدێرەکانی شیعرەکەی دادەنێت))[2] بەمەش کەرتکردن دەچێتە خانەی هونەرەکانی جوانکاری لە شیعردا . کەرتکردنیش چەند جۆرێکی هەیە . ئێمە لێرەدا ئەو جۆرانە وەردەگرین کە لە شیعرەکوردییەکانی (ئەختەر)دا بەدی دەکرێت .

**- کەرتکردنی چواری :**

لەم جۆرە کەرتکردنەدا شاعیر دێرە شیعرەکە دابەشی سەر چوار کەرت دەکات ، کە نیوەی یەکەم دوو کەرت و نیوەی دووەمیش دوو کەرت .

**فیدای چاوی سیاهت بوو ، ئەگەر هۆش و دڵێکم بوو**

**بە تاراجی نیگاهت چوو ، ئەگەر عەقڵ و ئەگەر دینە**      دیوانی ئەختەر ل٦١

دێرە شیعرەکە دابەشی سەرچوار کەرت کراوە ، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەروای ناوەوەشی لەگەڵ دایە ، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە ( سیاهت بوو ، دڵێکم بوو ، نیگاهت چوو ) جگەلەمەش (بوو - چوو)وەکو پاش سەروای ناوەوە بەکارهاتووە ، سێ کەرتی پێشەوە هاوسەروای یەکترن و کەرتی چوارەم دەگەرێتەوە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە . هەموو وەستانەکانیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست دەبێت .

جگە لەمجۆرە ، شاعیر بەشێوەیەکی تر کەرتکردنی چواری ئەنجام داوە ئەویش بەم شێوەیە :

**ئەگەر مەقسودەکەت مەرگی منە ، فەرمان دە تا بمرم**

**لەتۆم ڕوح چاونییە ڕووحم ، لەبەرچی ئەم هەموو قینە**      دیوانی ئەختەر ل٦١

دێرە شیعرەکە دابەشی سەرچوار کەرت کراوە ، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە (منە ، قینە) هاوسەروان ، کە دەگەرێتەوە بۆ سەروای گشتی شیعرەکە ، (بمرم ، ڕوحم) هاوسەروان ، دوو کەرتی یەکەم و چوارەم هاوسەروای یەکترن و کەرتی دووەم و سێیەمیش هاوسەروان . هەر وەستانێکیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست بووە .

لە کەرتکردنی چواریدا شاعیر بەشێوەیەك دێرە شیعرەکە کەرت دەکات کە کەم لای شاعیرانی تر هەستی پێدەکرێت . ئەویش بە هێنانی وشەیەك یا ئامرازێکی تر لە دوای کەرتی دووەم لە نیوەدێری یەکەم ، بەهەمان شێوەش لە نیوەدێری دووەم ، کردویەتییە سەروای گشتی شیعرەکەی .ئەمەش باڵادەستی شاعیر دەسەلمێنێت . وەك

---

[1] . دکتر محمد رضا شفیعی گدنی ، موسیقی شعر ، تهران ، ١٣٨٠ ، ١٠٠ ، ص ٦٢

[2] . میر جلال الدین گزازی ، زیبا شناسی سخن فارسی / ٣ ، تهران ، ١٣٨١ ، ص٤٣

**بڵێ : شای کەچ کولاهان ، خوسرەوی شیرین لەبان ، حەیفە**

**دڵی جەمعی وەفاداران ، بەمیحنەت بەس پەرێشان کە** دیوانی ئەختەر ل٦٥

لێرەدا شیعرەکە دابەشی سەرچوار کەرت کراوە ، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەروای ناوەوەشی لەگەڵ دایە ، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە ( کولاهان ، لەبان ، وەفاداران ، پەرێشان) جگەلەمەش دەنگی/ ان/ وەکو پاش سەروای ناوەوە بەکارهاتووە ، چوار کەرتی پێشەوە هاوسەروای یەکترن کۆتایی نیوە دێری یەکەم و دووەم کە دەنگی / ە / ە دەگەرێتەوە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە . هەموو وەستانەکانیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست بوون .

- **کەرتکردنی شەشی :**

لەم جۆرە کەرتکردنەدا شاعیر دێرە شیعرەکە دابەشی سەر شەش کەرت دەکات ، کە نیوەی یەکەم سێ کەرت و نیوەی دووەمیش سێ کەرت .

**من دەزانم چاوەکانت ، موڵکی دین وێران ، دەکەن**

**پەرچەم و ئەگریجەکانت ، قەسدی جیسم و جان ، دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٦

هەر نیوەدێرێك دابەشی سەر سێ کەرت کراوە ، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەروای ناوەوەشی لەگەڵ دایە ، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە (چاوەکانت ، ئەگریجەکانت) هاوسەروان ، (وێران ، جیسم و جان) هاوسەروان ، ( دەکەن) وەك پاش سەروای گشتی شیعرەکە بەکارهاتووە ، کەرتی یەکەم لە نیوە دێری یەکەم و دووەم هاوسەروان و کەرتی دووەمیش لە نیوەی یەکەم و دووەم هاوسەروان ، کەرتی سێیەمیش دەگەرێتەوە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە . هەموو وەستانەکانیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست بووە .

- **کەرتکردنی هەشتی :**

لەم جۆرە کەرتکردنەدا شاعیر دێرە شیعرەکە دابەشی سەر هەشت کەرت دەکات ، کە نیوەی یەکەم چوار کەرت بێت و نیوەی دووەمیش چوار کەرت بێت .

**گرفتارم بەسیحری ، چاوەکانی ، مەستی ، فەتتانت**

**برینداری بەزەخمی ، سینە دوزی ، تیری ، موژگانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

هەر نیوەدێرێك دابەشی سەرچوار کەرت کراوە ، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەروای ناوەوەشی لەگەڵ دایە ، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە (بەسیحری ، چاوەکانی ، مەستی ، بەزەخمی ، سینە دوزی ، تیری) هاوسەروان ، هەردوو وشەی (فەتتانت ، موژگانت) هاوسەروان جگەلەمەش دەنگی / ی / وەکو پاش سەروای ناوەوە بەکارهاتووە ، دەنگی / انت/ وەکو پاش سەروای گشتی شیعرەکە بەکارهاتووە ، سێ کەرتی پێشەوە هاوسەروای یەکترن و کەرتی چوارەم دەگەرێتەوە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە . هەموو وەستانەکانیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست دەبێت .

**دەکرێ شێوەی کەرتکردنەکە لە دێرە شیعری سەرەوەدا وەکو (دەیی) شیبکرێتەوە / بەمجۆرە :**

**گرفتارم ، بەسیحری ، چاوەکانی ، مەستی ، فەتتانت**

**برینداری ، بەزەخمی ، سینەدوزی ، تیری ، موژگانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

- **کەرتکردنی دوازدەیی :**

لەمجۆرە کەرتکردنەدا شاعیر دێرە شیعرەکە دابەشی سەر دوازدە کەرت دەکات ، کە هەر نیوەدێرێکی دابەش دەبێتە سەر شەش کەرت .

**ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفادارم**

**کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم** دیوانی ئەختەر ل٧٠

**لێرەدا هەر نیوەدێرێك دابەشی سەر شەش کەرت کراوە ، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەروای ناوەوەشی لەگەڵ دایە ، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە (ئەسیری ، میحنەتی ، هیجرانی ، یاری ، کوژراوی ، خەنجەری ، موژگانی ، مەحبووبی)هاوسەروان ، هەروەها وشەکانی (تۆم ، وەفادارم ، تۆم ، نازدارم) هاوسەروان ، جگەلەمەش دەنگی / ی / لە سێ کەرتی پێشەوە ، وەکو پاش سەروای ناوەوە بەکارهاتووە ، دەنگی/ م / لە کەرتی دواوە ، وەکو سەروای گشتی شیعرەکە بەکار هاتووە ، سێ کەرتی پێشەوە هاوسەروای یەکترن ، کەرتی چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە ، دەنگی / م / لە سەروای دوو کەرتی دواوەش یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە و ئەوی تریشیان بۆسەروای ناوەوەی دێرە شیعرەکە دەگەڕێتەوە کە دەنگی / ی / ە ، سەروای پێشەوەیان پێکهێناوە ، هاوسەروابوونی ئەم وشانە و دووبارەبوونەوەیان جۆرێك لە ڕیتم دروست دەکات ، کە هێزێکی زۆری داوە بە ڕیتم . هەر وەستانێکیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست بووە .**

**ئەختەری شاعیر هەوڵی داوە دەست ڕەنگینی و هێزو توانای شاعیرێتی خۆی لە ڕاکێشانی سەروا بۆ ناوەوەی دێرەکان نیشان بدات ، لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ، مۆسیقای شیعرەکانی بەجۆرێك لێکردووە کە خوێنەر ئارەزوی خوێندنەوەی شیعرەکانی بکات .**

**- تصریح :**

**یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری بریتییە لەوەی ((وشەی کۆتایی نیوەدێری یەکەم وەکو وشەی کۆتایی نیوە دێری دووەم بێت لە ڕووی کێش و سەرواو شیکردنەوەی ڕێزمانی))[1]ئەم هونەرەش شاعیر دەیکات بۆ سەرنج راکێشانی خوێنەر ، چونکە ((کۆتایی دێڕو تەنانەت لەتە شیعر شوێنی نیشتنەوەی شەپۆلەکانی ئاوازو لەنگەر گرتنی ئیقاعە ، بایەخێکی تایبەتی هەیە ، بۆیە وشەی کۆتایی و بەتایبەتیش دەنگی کۆتایی دەورێکی گەورەی هەیە لە ڕاگرتنی زایەڵەی سەراپای دێر و لەت))[2] ئەم هونەرەش ئاوازەیەکی خۆش دەدا بە دێرە شیعرەکە و ڕیتمی سەروای دێرە شیعریش بەهێز دەکات . بۆنموونە :**

**فیدات بم تاکەی ئەم جەورو جەفایە**

**بە هیجران کوشتنی عاشق خەتایە** دیوانی ئەختەر ل٦٤

**وشەکانی ( جەفایە – خەتایە ) لە ڕووی کێش و سەرواو شیکردنەوەی ڕێزمانی وەکو یەکن بەمجۆرە :**

**- لە ڕووی عەرووزەوە هەردووکیان پێ (تفعلە) ی ( فعولن ) ن .**

**- لە ڕووی سەرواوە هەردووکیان هاوسەروان و (ایە) سەروای هەردووکیانە .**

**- تصریع :**

**یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی ، ((شاعیر بەرانبەر هەموو وشەکانی لەتی یەکەمی دێڕەشیعرێك وەیان زۆربەیان وشەی هاوکێش و سەروا لە لەتی دووەمدا دەبینێتەوە))[3] کەواتە شاعیر بەو هۆیەوە هاوسەنگییەك لە نێوان وشەکانی نیوەی یەکەم و نیوە دێری دووەمی شیعر دروست دەکات ، بەو شێوەیەش مۆسیقای شیعرەکە بە هاوکێش کردن و هاوسەروا کردنی وشەکانی ناو دێرە شیعر ساز دەکرێت .**

---

[1] . الدکتور حسن محمد نورالدین ، العقد البدیع فی فن البدیع ، الطبعة الالی ، دار المواسم ، ٢٠٠٠ ، ص٢٣١

[2] . عەزیز گەردی ، سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیریدا ، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك ، ژمارە ٦ ، ١٩٩٩ ، ل٨١٤

[3] . الدکتور حسن محمد نورالدین ، العقد البدیع فی فن البدیع ، ص٢٩٢

بۆ نمونە شاعیر دەڵێت :

**گرفتارم بە سیحری چاوەکانی مەستی فەتتانت**

**بریندارم بە زەخمی سینەدوزی تیری موژگانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

لە نیوەی یەکەم وشەکانی (گرفتارم – بە سیحری – چاوەکانی مەستی – فەتتانت) بەرامبەر وشەکانی (بریندارم – بەزەخمی – دوزی تیری – موژگانت) وەستاوە ، کێشی وشەکان لە دەرەوەی شیعرەکە بەم شێوەیە :

**گرفتارم بە سیحری چاوەکانی مەستی فەتتانت**

**مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن**

لێرەدا ئەو وشانەی (تصریع)یان دروست کردووە بەدوای یەکدا هاتوونەو ، شاعیر ڕیتمی ناوەوەی پێ بەهێز کردووەو بەهۆی دووبارەکردنەوەی هاوکێش و هاوسەروا ، لەسەر بنەمای هاوشوێنی دروست بوون .

**دەخیلت بم لە عوششاقت مەڕەنجە**

**دڵ و دینم فیدای ئەم لار و لەنجە** دیوانی ئەختەر ل٦٧

لێرەدا ئەم دوو وشەی (تصریع)یان دروست کردووە وشەی تریان لە نێوان هاتووە ، کە لە نیوەی یەکەم وشەکانی (دەخیلت بم ، مەڕەنجە) بەرامبەر نیوەی دووەم (دڵ و دینم ، لارولەنجە) وەستاوە ، کێشی وشەکان لە دەرەوەی شیعرەکە بەم شێوەیە :

**دە خی لت بم لە عوش شا قت مە ڕەن جا**

**د ل و دی نم فی دای ئەم لا روو لەن جا**

**ب - - - ب - - - - ب -**

**مفاعیلن مفاعیلن فاعلن**

هەروەها لەم دێرەدا

**فیدای چاوی سیاهت بوو ، ئەگەر هۆش و دڵێکم بوو**

**بە تاراجی نیگاهت چوو ، ئەگەر عەقل و ئەگەر دینە** دیوانی ئەختەر ل٦١

لە نیوەی یەکەم ( فیدای چاوی سیاهت بوو ، ئەگەر هۆش و ) بەرامبەر (بەتاراجی نیگات چوو ، ئەگەر عەقل و) وەستاوە هەردووکیان هاوکێش و هاوسەروان .

شاعیر ڕیتمی شیعرەکانی بەهێز دەکات بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەی هاوکێش ، لەسەر بنەمای هاوشوێنی . وەك :

**ئەونەماما بۆ نیگاهی تۆ دەروونم لەتلەتە**

**چاوی بێ مەیلت لەگەڵ من عەینی دەرد و زیللەتە** دیوانی ئەختەر ل٦٨

وشەکانی (لەتلەتە – زیللەتە) هاوکێشن و هاوسەرواشن ، هەردووکیان لەسەر کێشی (فاعلن)هاتوون و ئەو هاوسەنگییەی لە دووبارەبوونەوەیان هەستی پێدەکرێت ، چەشەیەك بەخوێنەر دەدات و جۆرە مۆسیقایەك دروست دەکات .

- **هاوتەریبی پێکهاتەیی :**

هاوتەریبی پێکهاتەیی جۆرێکە لە دووبارەکردنەوەو((ڕەگەزێکی بنیادییە ، لەسەر دووبارەکردنەوەی هەندێك پارچەی یەکسان دەوەستێت لە ئەنجامدا ئاوازێکی مۆزیکی دەبەخشێت))[1] واتە ئەو هاوسەنگییە ڕێك و پێکەیە لە نێوان هەردوو لەتی دێرە شیعر ، ئەم هاوتەریبیەش سەرجەم لایەنە دەنگیەکان و لایەنەکانی تری وەك ڕێزمانی و عەرووزی و واتایی دەگرێتەوە . بەمەش ڕیتمی ناوەوەی شیعر بەهێز دەکات و جوانیەکەشی بەهێز دەکات ، بەمەش چێژ بەخوێنەر دەبەخشێت ، بۆنمونە شاعیر دەڵێت :

**ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفادارم**

**کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم** دیوانی ئەختەر ل٧٠

لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە هاوشێوەبوونێکی تەواو لە نێوان هەردوو نیوە دێرەکەدایە ، هەردوو لەت لە بەشی نیهاد و گوزارە پێکهاتووە ، هەردوو دێرەکە لە ڕووی ماناو دەلالییەوە تەریبی یەکترین .

هەروەها لە ڕووی هاودێری ، واتە لەڕووی ڕێککەوتنی پارچەکان لە ڕووی کێشەوەو ، لە ڕووی هاودەنگییەوە کەمەبەست ڕێککەوتنی پارچەکانە لە دەنگدا هاوشێوەن ، لەڕووی ژمارەی بڕگەوەش هاوشێوەن . بەم شێوەیە هاوتەریبی لە نێوان هەردوو نیوە دێرەکەدا هەیە، ئەمەش ڕیتمێکی ترە شاعیر دروستی دەکات بەو هۆیەوە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو دێرەکە دروست دەبێت ، خوێنەریش زۆر بەئاسانی هەست بەمجۆرە ڕیتمە دەکات کە لە هاوتەریبی دروست دەبێت . ئەمەش توانای زاڵبوونی شاعیر بەسەر زمان و هونەری شیعر نووسین پیشان دەدات

**گرفتارم بە سیحری چاوەکانی مەستی فەتتانت**

**بریندارم بە زەخمی سینەدوزی تیری موژگانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

لێرەدا نیوە دێری یەکەم و دووەم لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە هاوشێوەبوونێکی تەواو لە نێوانیاندا هەیە ، هەردوو لەت لە بەشی نیهادو گوزارە پێکهاتوون ، هەردوو دێرەکە لە ڕووی ماناو دەلالییەوە تەریبی یەکترین . چونکە ئەگەر بەوردی سەیری مانای دێرەکە بکەین هەردوو دێرەکە لە ڕووی واتاو دەلالەتەوە تەریبی یەکترن ، شاعیر لە نیوەی یەکەمدا (گرفتارم ، بە سیحری ، چاوەکانی ، مەستی ، فەتتانت) بەتەریبی لەگەڵ (بریندارم ، بە زەخمی ، سینەدوزی ، تیری ، موژگانت) هەروەها جۆرێك لە هاوشێوەییش لەحالەتەکاندا دەبینرێ وەك لە (گرفتارم — بریندارم) ( بەسیحری — بەزەخمی) ...

هەروەها لە ڕووی هاودێری واتە لەڕووی ڕێککەوتنی پارچەکان لە ڕووی کێشەوەو ، لە ڕووی هاودەنگییەوە کەمەبەست ڕێککەوتنی پارچەکانە لە دەنگدا هاوشێوەن ، لەڕووی ژمارەی بڕگەوەش هاوشێوەن .

گرفتارم // بریندارم = ئاوەڵناو + جێناوی کەسی یەکەمی تاك

بە سیحری // بە زەخمی = ئامراز + ناو + ئامراز

چاوەکانی // سینەدوزی = ناو + ئامرازی خستنە پاڵ

مەستی // تیری = ئاوەڵناو + ئامرازی خستنە پاڵ

فەتتانت // موژگانت = ئاوەڵناو + جێناوی کەسی دووەمی تاك

بەم شێوەیە هاوتەریبی لە نێوان هەردوو نیوە دێرەکەدا هەیە ، ئەمەش ڕیتمێکی ترە شاعیر دروستی دەکات بەو هۆیەوە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو دێرەکە دروست دەبێت ، خوێنەریش زۆر بەئاسانی هەست بەمجۆرە ڕیتمە

[1] . نعمت الله حامد نهێلی ، شێوازگەری تیۆرو پراکتیك ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی دهۆك ، ٢٠٠٦ ، ل١١١

دەکات کە لە هاوتەریبی دروست دەبێت . ئەمەش توانا و زاڵبوونی شاعیر لەبواری زمان و هونەری شیعر نووسین پیشان دەدات .

**٢- ڕیتمی بێدەنگ :**

**- پێچ و پەخش :**

ئەمە یەکێکە لە هونەرە جوانکارییە واتاییەکان و بریتییە لەوەی((ناوی چەند شتێك بەشوێن یەکەوە بێنی و لەتەك یەکتریان دابنێی و نەهێلی وشەی تریان بکەوێتە نێوانەوە ، پاشان پێچانەکە بکەیتەوە . واتە چەند وشەیەکی تر بێنی کە پەیوەندیان بە وشە پێچراوەکانەوە هەبێت ، بۆ ئەوان بگەڕێتەوە ، بەبێ ئەوەی دیاری بکەی کە کام وشە بۆ کام وشە دەگەڕێتەوە ، چونکە خوێنەر توانای ئەوەی هەیە هەریەکەیان بباتەوە بۆ ئەو وشەیەی کە پەیوەندیان پێوە هەیە))[١] واتە وشە بەرانبەر کراوەکان لە نیوەی یەکەم و دووەم پەیوەندییەکی لێکچواندنیان هەیە ، لێرەدا ڕیتمەکان لە دووبارەکردنەوەی بەرانبەرکردنەکەدا دروست دەبێت ، کەلەخانەی ڕیتمی بێدەنگ دایە ، لەگەڵ پەیوەندی وشەکانیش

بۆنموونە :

**گرفتارم بە سیحری چاوەکانی مەستی فەتتانت**

**بریندارم بە زەخمی سینەدوزی تیری موژگانت** دیوانی ئەختەر ل٦٨

لەم دێرەدا پێچ و پەخشەکە بەم شێوەیە : ژمارەی پێچەکان (گرفتارم ، سحری ، چاوەکانی مەستی ، فەتتانت ) ژمارەی پەخش ( بریندارم ، بەزەخمی ، سینە دوزی تیری ، موژگانت)

ڕیزی پێچەو پەخشەکە ڕێکە بۆیە بەمجۆرە دەڵێن پێچ و پەخشی ڕێك ، پەیوەندی نێوان وشەکان لێکچواندنە ، دوست بوونی ڕیتمەکە لە دووبارەکردنەوەی لێکچواندنەکانە ، هەر جارەی وشە بەرانبەر کراوەکان دووبارەدەبنەوە ، جوڵانەوەی لە ناو بیر لەگەڵدایە ، جووڵەی بیر لەگەڵ وشە بەرانبەرکراوەکان دووبارە دەبێتەوە ، بەمەش ڕیتمێك دروست دەبێت بێ دەنگەو دووبارە بوونەوەی زەمەنی لەگەڵدا نییە .

**چاوەکانت ڕشتوون ، فتوای بەقەتلی من دەدەن**

**عیدی قوربانە ئەمن زانیوومە من قوربان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٦

لێرەدا پێچانەکە بەهۆی وشەکانی (چاوەکانت ، ڕشتوون) ئەنجام دراوە ، بەڵام شاعیر لە جیاتی جارێك سێ جار پێچانەکە پەخش دەکات بەم شێوەیە :

- چاوەکانت ڕشتوون / بە فتوای بەقەتل کردن / دەکاتەوە
- چاوەکانت ڕشتوون / بە عیدی قوربانی من / دەکاتەوە
- چاوەکانت ڕشتوون / بە من قوربان دەکەن / دەکاتەوە

لێرەدا پێچ و پەخشەکە نارێکە ، چونکە ڕیزی وشەکانی پێچانەکە لەگەڵ ڕیزی وشەکانی پەخش کردنەکە تێك چووە ، بەمجۆرە هونەری پێچ و پەخشی نارێك دروست دەبێت ، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە بیرو هۆشدا دروست دەبێت و ئیستاتیکایەك بە دەقەکە دەبەخشێت ، چونکە ڕیتم خۆی بەشێکە لە ئیستاتیکا .

**- دژیەکی فەرهەنگی :**

---

[١] . عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، جوانکاری ، ل ٦٢

دژیەکی فەرهەنگی سەربە بەشی جوانکارییە لە ڕەوانبێژیدا ، ((بوونی دوو وشەی هەر لە بنجدا دژ و پێچەوانە لە واتای یەکتری))[1] واتە وشە دژیەکەکان لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هاتوون و لە بنەڕەتدا دژیەکن ، پەیوەندی نێوانیشیان پەیوەندیەکی دروست کراو نییە بەهۆی ئامرازی (نا ، نە)ەوە کرابێتە دژیەك ، بەڵکو سروشتییە . ئەم جۆرە دژیەکە جۆرێکە لە دووبارەکردنەوە ، واتە شاعیر وشەیەك دەهێنێ و پاشانیش دژەکەی لەگەڵ دەهێنێ و ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕیتمی دژیەك و ڕیتمێکی بێدەنگیش کە پەیوەندی بەلایەنی واتاوە هەیە ، واتە وشە دژیەکەکان لەناو دیرە شیعرەکاندا یەکیەتیەك لە دژەکانیان دروست دەکەن و دەبنە هۆی خوڵقاندنی ڕیتمێکی دەلالی قووڵ و ئاوازێکی دڵکێش و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە پێکدێنن . ئەختەری شاعیر ئەمەی بەکارهێناوە وەك بۆنموونە دەڵێت :

**لە هیجری قامەتی سەروت وەکو قومری بەڕۆژ و شەو**

**لە باغی زیندەگی پیشەم هەمیشە ئاهو ناڵینە** دیوانی ئەختەر ل٦١

وشەکانی شەو (ڕۆژ – شەو ) دژ یەکیان دروست کردووەو لەم نیوە دێڕەدا هەردووکیان پێکەوە ڕیتمێکی خۆشی داوە بە شیعرەکە ، دژیەکەکەش دژیەکی فەرهەنگییە و لە ڕووی زەمانەوە هەردووکیان ناون .

**لەگوێت قەولی ڕەقیبان چاکە نەگری تاکو روح ماوە**

**لەسینەم خاری هیجرانت بەدەستی وەسلت دەربینە** دیوانی ئەختەر ل٦١

(هیجرانت ، وەسلت) دژیەکی فەرهەنگییە ، هیجران بەمانای ڕۆشتن و کۆچ کردن دێت ، وەسلت بەمانای گەیشتن و گەڕانەوە دێت ، وشە دژ یەکەکان هەردوکیان (فرمان)ن .

**نییە غەیرەز جەفا پیشەم کەچی کەچ خوڵقە جانانم**

**ئەمەش مەعلوومە تەزویری ڕەقیبی شوومی بەدکارە** دیوانی ئەختەر ل٦٢

وشەکانی (جانانم ، ڕەقیب) هەردوکیان ئاوەڵناون دژیەکی فەرهەنگین ، وشەکان لە سیفەت دژیەکن ، جانان واتە خۆشەویست ، ڕەقیب واتە دوژمن ، ئەمەش دوو کردەوەی دژیەکن .

**- بەرانبەری :**

ئەمیش یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی و ((بریتییە لەوەی وتاربێژ چەند شتێکی موتەناسیب بڵێ جا موقابیلەکانیشیان بەشوێنی ئەوانا بێنێ))[2] لەم هونەرەدا شاعیر ڕیتمێکی بێدەنگ دروست دەکات و شان بەشانی ڕیتمە دەنگیەکە ڕیتمی گشتی دێرەکە دەوڵەمەند دەکات ، ئەم ڕیتمەش بەهۆی دووبارەکردنەوەی بەرانبەرکردنی وشەکان دروست دەبێت ، بەو پێیەی هەموو دووبارەکردنەوەیەك ڕیتمێك دروست دەکات ، ئەو ڕیتمەی لە بەرانبەری دروست دەبێت ڕیتمێکە بە بیرکردنەوە هەستی پێدەکەین .

ئەم هونەرە هەندێ جار لە شێوەی لە دژیەك دەردەکەوێ بەوەی شاعیر ((چەند وشەیەك دێنێ ئینجا بەرێکی یەکەیەکە دژەکانیان دێنێ))[3]. وەك بۆ نموونە :

**لەلای تۆ ، بێ من ، هاوین بەهارە**

**لەکن من فەسلی گوڵ زستانە بێ تۆ** دیوانی ئەختەر ل٦٧

---

[1] . ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا ، ل٧٩

[2] . مەلا عبدالکریمی مدرس ، بدیع و عەروزی نامی ، چاپخانەی دار الجاحظ ، بغداد ، ١٩٩١ ، ل١١

[3] . عزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، ل٧٤

بەرانبەری بەم شێوەیە لە نیوە دێری یەکەمدا هاتووە : وشەی (لەلای تۆ بێ من ، هاوین بەهارە) بەرانبەر وشەکانی (لەکن من ، فەسلی گوڵ زستانە بێ تۆ)کراون و پەیوەندییەکی دژیەکیان دروست کردووە ، بەمەش بەرانبەری دروست دەبێت .

یا لە شێوەی لێچوو دەردەکەوێت واتە لەم هونەرەدا وشە بەرانبەر کراوەکان پەیوەندییەکی لێچوویان هەیە . وەك لەم نموونە بۆمان دەردەکەوێت :

**من دەزانم چاوەکانت موڵکی دین وێران دەکەن**

**پەرچەم و ئەگریجەکانت قەسدی جیسم و جان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٧

لەمجۆرە بەرانبەرکردنەدا شاعیر وشەکانی (دەزانم چاوەکانت ، موڵکی دین وێران دەکەن) بەرانبەر وشەکانی (پەرچەم و ئەگریجەکانت ، قەسدی جیسم و جان دەکەن) کردووە ، بە پەیوەندییەکی لێکچواندن ، بەمەش بەرانبەری دروست دەبێت .

## - ڕیتم ی گفتوگۆ و گێرانەوە:

مەبەست لەم جۆرە ڕیتمە ڕیتمێکی بێدەنگە ، کە لەسەر بنەمای گێرانەوە ، کە شاعیر یا بەتەنیا بەشداری تێدا دەکات ، یا لە ڕێی گفتوگۆ وە دروست دەبێ ، کەلە گفتوگۆکەدا هەست بەخێرایی تری ڕیتمەکە دەکرێت ، گفتوگۆکەش لە نێوان شاعیرو کەسی دووەمی تاکە کە کەسی بەرامبەرە ، ڕیتمەکەش و خێراییەکەشی بۆ ئەو گفتوگۆیە دەگەڕێتەوە ، هەروەها ڕیتمی گفتوگۆکە لە دووبارەکردنەوە پەیدادەبێت ، کە دووبارەکردنەوەکە شان بەشانی سەروای شیعرەکە ئەرکی مۆسیقایی و ڕیتمی خۆی هەیە ، ئەمجۆرە ڕیتمە هەندێ جار دەچێتە خانەی ڕیتمی دەنگداریش ، چونکە وشەکانی نێو دێرە شیعر ، هەندێ جار بەشێوەی ستوونی دووبارەدەبنەوە[1] . بۆ نموونە :

**وەکو دوشمن بەخوێنم تینووە چاوی سیاڕەنگی**
**فیتنەجۆیە وا دەزانی کافرم کەوتوومە چەنگی**
**لەبەر دەرد و جەفای چەند ساڵە خەستەو و هەمدەمی مەرگم**
**بە ئیستیهزا ئەمیستە لێم دەپرسی : بۆ وا بێ ڕەنگی؟**
**ئەگەر سەد جار جەفاکا مورغی دڵ مومکین نییە ڕاکا**
**دەڵێ : بەڵکە بە ناڵینم بکا ڕوحمێ دڵی سەنگی**
**ئەمن مەخمووری نەشئەی چاوی سەوزم موحتەسیب دائیم**
**لە کەم عەقڵی دەکا زەجرم کە مەستی بادەیی بەنگی**
**دەکا مولحید کە ئینکاری قیامەت پێی دەڵێم مردوو**
**ئەگەر ئیقرار نەکا ئەوسا کە هەستا قامەتی شەنگی**
**بە خۆی بێ ڕەحمە دڵدارم وەگەرنە با ڕەقیب سەگ بێ**
**بەشەو فرسەت دەبی بێتن عیادەت کا بەبێ دەنگی**
**گوتم : چاوم کە خەتتی عەشقی ڕووتە ماڵی وێرانە**
**گوتی : زۆر دوورە (ئەختەر) بێتە سەر ڕۆم لە شکری زەنگی** دیوانی ئەختەر ل٦٣

[1] . عەزیز گەردی ، سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیریدا ، ل٥٢

ئەمجۆرە دامەزراندنە زیاتر بۆ نیشاندانی توانای شاعیرو تەکنیکی شیعر نووسینە ، ڕیتمی شیعرەکە ڕیتمێکی بێدەنگە ، خوێنەری ئەم دەقە خۆی هەست بەگێڕانەوەو گفتوگۆکە دەکات ، ئەم شێوە داڕشتنە جگە لەوەی ئەرکی بەستنەوەی واتا لە نێوان دێڕەکاندا دەگرێتە ئەستۆ ، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی باری دەروونی شاعیرە ، کە دەکرێ بڵێین ڕیتمێکی دەروونیشی هەیە و پەیوەندی بەلایەنی دەروونی شاعیرەوە هەیە ، چونکە لە دێری یەکەمەوە تا کۆتایی شاعیر نائومێدی خۆی دەردەبڕێت ، تا لە گفتوگۆکەی دێری کۆتاییشدا یارەکەی پاساو بۆ بەهانەکانی شاعیر دێنێتەوە کە دەڵێ (گوتم – گوتی) .

- **ڕیتمی دەروونی :**

ئەمجۆرەشیان دەچێتە خانەی ڕیتمی بێدەنگەوە ، ئەم جۆرە ڕیتمە زیاتر جولانەوەیەکە لە بیری وەرگری شیعر دروست دەبێت ، واتە پەیوەندی بەلایەنی دەروونی خودی شاعیرەوە هەیە ، کە لەناخیایەتی و دروست دەبێت و دەگۆڕێت ، هەر بۆیە بە گۆڕانی باری دەروونی شاعیر ، هەندێ جار دوو حاڵەتی پێچەوانە لەچوارچێوەی دێڕە شیعرێکدا یا کۆپلەیەکی شیعریدا بەدی دەکرێت . ڕیتمەکە لە کاتی هەڵسەنگاندی دەقەکە بە دەرخستنی باری دەروونی شاعیر هەستی پێدەکرێ[1] . شیعر ڕەنگدانەوەی ناخی شاعیرە ، بۆیە ئاساییە گەر دووحاڵەتی پێچەوانە لە ناو یەك دێڕە شیعر دابێت ، خودی شاعیر بێ ئاگایە لەو حاڵەتە دەروونیە و ئەو پێچەوانەیییەش لای ئەختەر هەستی پێدەکرێت:

**بە لوتف و میهرەبانی سەیدی کردم ، ئیستەکەم زانی**

**کە ئاشووبی دڵ و ڕووح و بەلآیی دین و دونیایە** دیوانی ئەختەر ل٦٣

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت لە نیوەی یەکەم شاعیر باسی خۆشەویستی یارەکەی دەکات ، بەلای شاعیرەوە لوتف و مهرەبانی یار خۆش بوو ، بەڵام هەر زوو لە نیوەی دووەم شتی تازەی بۆ دەردەکەوێت و بۆیە پاشگەز دەبێتەوە ئینجا هەموو ئەوشتانە پێچەوانە دەکاتەوە ، کە ئاشوبی دڵ و رووح و بەلآی دین و دنیایە ، ئەم پێچەوانە کردنەوەیەی شاعیر حالەتی دەروونی شاعیرە و ڕیتمی دەروونی دروست دەکات ، بۆیە ڕاست و دروستە ئەگەر بگوترێت ؛ هەموو ئاوازو ڕیتمێك لە شیعردا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەباری دەروونی شاعیرەوە هەیە ، چونکە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرە .

**دەسا خۆت و جوانیت چاوەکەم ڕوحمێ بەحاڵم کە**

**بەهیجران مەمکوژە بەس بێ ، فیدات بم جار هەر ئەم جارە** دیوانی ئەختەر ل٦٢

لێرەدا شاعیر باس لەخۆشەویستی یارەکەی دەکات ، بۆئەوەی فریای کەوێ ، کەئەمەش حالەتێکی دەروونی شاعیرەو ڕیتمی دەروونی دروست کردووە .

- **تەوەرەی سێیەم :**

لەم تەوەرەدا باس لە ڕیتمی دەنگدار دەکەین ، کە ڕیتمێکی جێگیرە ، چونکە تایبەتە بەکێش و سەروا ، کە کێش و قالبەکێش و ڕیتمی هەریەك لەقالبەکێشەکان و گۆڕانکارییە عەرووزیەکان (زیحاف و عیللە)کان دەگرێتەوە ، دواتریش چەند لایەنێکی سەروای دەرەوەی شیعر دەخەینەڕوو .

- **ڕیتمی کێش و قاڵبە کێشی شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر) :**

---

[1] . شاهۆ سعید ، دلالات البناء الایقاعی فی الشعر ، ص ٨٠

ئەختەر وەك هەر شاعیرێكی كلاسیكی كوردی زۆربەی شیعرە كوردییەكانی لەسەر كێشی عەرووزی هۆنراوەتەوە ، هەر قالبەكێشێكیش چەند شێوەیەكی جیاوازی ڕیتمی هەیە ، كێشەكان لە لایەن شاعیرەوە بە ڕێژەی جیاواز بەكارهاتوون ، زۆربەیان كێشی (هەزەج)ن ، پاشان ڕەمەل دێت ، قالبە كێش و ڕیتمی قالبە كێشەكان بەم شێوەیەن ، كەلە خوارەوەدا دەخرێنە ڕوو :

**١- كێشی هەزەج :**

ئەم جۆرە كێشە لە خانەی یەكەمی شیعرە كوردییەكانی شاعیر دێت . هەزەج یەكێكە لەو كێشانەی ڕێژەیەكی زۆری شیعری كلاسیكی كوردی پێكدەهێنێت ، ئەم ڕێژە زۆرەش بۆ گونجانی كێشە كەلەگەڵ سروشتی زمانی كوردی و گونجانی مۆسیقای كێشەكان لەگەڵ ئارەزووی شاعیرانی كلاسیكیدا دەگەڕێتەوە .

- **هەزەجی هەشتی تەواو** : ڕیتمی ئەم قالبە كێشە بەم شێوەیە یە ( مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢ ( ٤ - ٤ - ٤ - ٤ )

**بە بەزمی وەسلی تۆ تا خاتری میحنەتكەشیم دوورە**

**ب - - -　ب - - -　ب - - -　ب - - -**

**لە چەنگی جەورو غەم ناڵەم بە وێنەی تارو تەنبوورە**　　　دیوانی ئەختەر ل٦٣

**ب - - -　ب - - -　ب - - -　ب - - -**

**مفاعیلن　مفاعیلن　مفاعیلن　مفاعیلن**

**٤　٤　٤　٤**

دووبارەكردنەوەی چوار یەكەی ڕیتمی (مفاعیلن) بە شێوەیەكی یەكسان ڕیتمێكی بە هێزی دەبێت ، ئەویش لەبەر یەكسانی زەمەنی دووبارەكردنەوەكان ، كاتێك چوار یەكەی (مفاعیلن) بەدوای یەكتردا دووبارەدەبێتەوە ، ڕیتمێكی خۆش دروست دەبێت ، كە دابەشكردنی شانزە بڕگەی یەكەمی لەتی یەكەم بەشێوەیەكی یەكسان بەسەر چوار یەكەی ڕیتمی ، پاشان دووبارەكردنەوەی ئەو یەكانە ، جگە لە دابەشكردنی بڕگەكانی ناو هەریەك لە یەكە ڕیتمییەكان كە شێوەیەكی یەكسانی هەیە (ب - - - ) ، یەك بڕگەی كورت و سێ بڕگەی درێژ لە ناو هەریەكەیەك ، هەموو دابەشكردنێكی یەكسان دووبارەكردنەوەیەكی یەكسان دروست دەكات ، هەموو دووبارەكردنەوەی یەكسانیش ڕیتمێكی بەهێز دروست دەكات ، بەهێزترین ڕیتمی قالبەكێشەكانی هەزەج ، هەزەجی هەشتی تەواوە . بۆیە بە كێشی هەزەجی هەشتی تەواو دەوترێت (كێشی گۆرانی) ، ئەو كێشە ساف و ئاهەنگدارە لە دووبارەبوونەوەی پێی (مفاعیلن)، كە لە بڕگەیەكی كورت و سێ بڕگەی درێژ پێكهاتووە ، لەگەڵ زەوقی گۆرانی كوردی گونجاوە ، كاتێك چوار یەكەی (مفاعیلن) بەدوای یەكتردا دووبارەدەبێتەوە وەك ئەوەیە سێ لێدان لە شتێك بدرێت و پاشان لێدانی چوارەم ، كەلە سێ لێدانەكەی پێشەوە بەهێزترە ، لە دووبارەبوونەوەی لێدانی چوارەم ڕیتم دروست دەبێت[1] .

- **هەزەجی شەشی مەحزوف :** ( مفاعیلن مفاعیلن فعولن ) × ٢

دابەشكردنی یەكە ڕیتمەكانی ئەم قالبە كێشەی هەزەج بەم شێوەیە ( ٤ - ٤ - ٣ )

**سەرم گێژ و دڵم بریانە بێ تۆ**

**ب - - -　ب - - -　ب - -**

**لە دووریت پیشەكەم گریانە بێ تۆ**　　　دیوانی ئەختەر ل٦٧

---

١ . عبدالرزاق بیمار ، كێش و مۆسیقای هەڵبەستی كوردی ، چاپی یەكەم ، دار الحریە للگباعە ، بغداد ، ١٩٩٢ ، ل٦٨

ب - - -        ب - - -        ب - -

**مفاعیلن   مفاعیلن   فعولن**

٤        ٤        ٣

ئـەم قالبـەی هـەزەج سـێ یەکـەی ڕیتمـی هەیـە کـە دوانیـان چـوار برگـەیین و یـەکێکیان سـێ برگەییـە ، دووبارەکردنەوەی برگەکانی ناو یەکە ڕیتمییەکان هاوشێوەی یـەکترن ، ڕیتمی ئـەو قالبـە لـە ڕیتمی قالبی چوار یەکە خێراترە ، چونکە دووبارەکردنەوە خێراترە ، ئەویش بە هۆی کورتی زەمەنی دووبارەکردنەوەکەوەیە .

**٢- کێشی ڕەمەل :**

ئەمجۆرە کێشە لە خانەی دووەمی شیعرە کوردییەکانی شاعیر دێت . ڕەمـەل یەکێکە لـەو کێشانەی لەگـەڵ کێشی هـەزەج ڕێژەیـەکی زۆری شـیعری کلاسـیکی کـوردی پێکـدەهێنن ، ئـەم ڕێـژە زۆرەش بەهـەمان شـێوەی پێشـوو بـۆ گونجانی کێشە کەلەگەڵ سروشتی زمانی کوردی و گونجانی مۆسیقای کێشەکان لەگەڵ ئـارەزووی شـاعیرە کلاسـکییە کوردییەکانمانە .

**- رەمەلی هەشتی محزوف :**

( فاعلاتن     فاعلاتن     فاعلاتن     فاعلن ) × ٢  ( ٤ - ٤ - ٤ - ٣ )

**من دەزانم چاوەکانت مولکی دین وێران دەکەن**

ب - - -     ب - - -     ب - - -     ب - - -

**پەرچەم و ئەگریجەکانت قەسدی جیسم و جان دەکەن**          دیوانی ئەختەر ل٦٦

ب - - -     ب - - -     ب - - -     ب - - -

**فاعلاتن     فاعلاتن     فاعلاتن     فاعلن**

٤     ٤     ٤     ٤

**- زیحاف و عیللە لە شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر)دا**

زیحاف و عیللە ئەو گۆڕانە عەروزییانەن کەدەچێتە سەر (پێ)یەکانی دێـڕە شـیعرێك ، ئینجا گۆڕانەکـە زیـادکردن بێت یا کەمکردن ، زیحاف و عیللە لە شیعردا مۆسیقا خۆش دەکات ، چونکە شێوەی نوێی ڕیتم دروست دەکەن .

**- کێشی هەزەج :**

ئەم کێشە و قالبەکێشەکانی  ڕێژەی (٧٥٪)ی شیعرە کوردییەکانی شاعیر پێکدەهێنێت .

**هەزەجی شەشی مەحزوف :**

ڕیتمـی بنچـینەیی کێشـی هـەزەج (مفـاعیلن  مفـاعیلن  مفـاعیلن  مفـاعیلن)ە ، لـە هـەزەجی شەشـی مـەحزوف ڕیتمـە بنچینەییەکە (مفاعیلن   مفاعیلن   مفـاعیلن)ە وەکو خۆی دەمێنـێ ، تـەنیا پێـی کۆتـایی (حـەزف) ی دەچێتە سەرو دەبێت بە (فعولن) .

مفاعیلن     مفاعیلن     مفاعیلن

مفاعیلن     مفاعیلن     فعولن

ڕیتمی کێشەکە لە (٤ – ٤ – ٤)وە  دەبێتە (٤ – ٤ – ٣) ، ئەمەش خێراییەك بەڕیتمەکە دەبەخشێت ، چونکە هەموو کەمکردنەوەیەك ڕیتم خێرا دەکات . بۆ نموونە :

**/دەخیلت بم/ لە عوشقافت/ مەڕەنجە**

**مفاعیلن     مفاعیلن     فعولن**

**/دڵ و دینم/ فیدای ئەم لا / روڵەنجە**

**مفاعیلن مفاعیلن فعولن**

- **ڕەمەڵی هەشتی محزوف :**

کێشی ڕەمەل لە شیعرەکانی (ئەختەر)دا لە خانەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی (٢٥٪)ی شیعرەکوردیەکانی پێکدەهێنێ . ڕیتمی بنچینەیی لە کێشی ڕەمەڵی شەشی بەم شێوەیەیە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) ، سێ یەکەی چوار بڕگەییە کە (٤ – ٤ – ٤)دووبارەدەبێتەوە ، ئەم کێشە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە زیادکردنی یەکەیەکی ڕیتمی (فاعلاتن) بۆ ڕیتمە ئەساسیەکە بە شێوەی (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) واتە بەشێوەی هەشتی بەکارهاتووە ، کێشەکە دەبێتە چوار یەکەی ڕیتمی چوار بڕگەیی ، پاشان گۆڕان لە یەکەی کۆتایی چوارەم ڕوودەدات و دەبێتە یەکەیەکی سێ بڕگەیی بەم شێوەیەی خوارەوە :

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

حەزف

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

- ب - - - ب - - - ب - - - ب -

٤ ٤ ٤ ٣

واتە ڕیتمی بنچینەیی (٤ – ٤ – ٤ – ٤) دەگۆڕێت بۆ (٤ – ٤ – ٤ – ٣) ، یەك یەکەی سێ بڕگەیی (فاعلن) بۆ ڕیتمەکە زیاد دەبێت . واتە تەنیا لە پێیەکانی کۆتییدایە کە (فاعلاتن) دەبێتە (فاعلن) وەك بۆنموونە :

**/ من دەزانم / چاوەکانت/ موڵکی دڵ وێ / ران دەکەن**

**/ پەرچەم و ئەگ/ ریجەکانت / قەسدی جیسم و/جان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٦

**فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن**

- **وەستانی عەرووزی :**

مەبەست لەوەستانی عەرووزی وەستانە بەهۆی کۆتایی هاتنی (پێ)ی ناو دێرە شیعر ، وەکو دەزانرێت هەردێرە شیعرێکی عەرووزی لە ژمارەیەك (پێ) پێکهاتووە ، لە دووبارەکردنەوەی (پێ)یەکانی ناو دێرە شیعر ڕیتم دروست دەبێت . لەگەڵ کۆتایی هاتنی پێیەکانی ناودێرە شیعر ، ڕیتم بەهێزتر دەبێت . واتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی (پێ)یەکانی ناو دێرە شیعرێك ، ئەگەر هاتوو وشە و پێکهاتە لەگەڵ (پێ)یەکە کۆتایی پێ هات ئەوە جۆرێك لە وەستان پێکدێت کە بە (وەستانی عەرووزی) ناو دەبرێت ، ئەوکاتە ڕیتم بەهێزتر دەبێت وەك بۆ نموونە :

**/ ئەمان ساقی / دڵی شەیدا / لە جەوری دی/ دە غەمگینە /**

**ب - - - ب - - - ب - - - ب - - -**

**/ لە نەشئەی چا / وەکەی مەستت / پییاڵە پڕ / کە بۆم بینە/** دیوانی ئەختەر ل٦٨

**ب - - - ب - - - ب - - - ب - - -**

**مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن**

ئەگەر سەیری (پێ)یەکانی ناو ئەم دێرە شیعرە بکەین پێکهاتووە لە هەشت (پێ)ی (مفاعیلن) . (پێ)ی یەکەم لە گرێی (ئەمان ساقی) کە کۆتایی پێکهاتەکەو کۆتایی (پێ)یەکە بەیەکەوەن ، (پێ)ی دووەمیش لەگەڵ وشەی (شەیدا) کۆتایی دێت ، سێیەم و چوارەمیش لەگەڵ فرێزەکانی (جەوری ، دی ، دە ، غەمگینە) کۆتایی دێت ، بۆیە

ئەگەر کۆتایی ( پێ) یەکانی دێرە شیعر لەگەڵ کۆتایی وشە یان پێکهاتەبێت ، هێزی ڕیتمەکەی زیاتر دەبێت ، بەڵام ئەگەر کۆتایی (پێ)ی وشە لە هەمانکاتدا واتاش کۆتایی پێ بێت ئەو حالەتە سێ ڕیتمی دەبێت : کۆتایی پێ ، کۆتایی وشە ، کۆتایی واتا ، یان بە واتایەکی تر ڕیتمەکانی ( وەستانی عەرووزی ، وەستانی ڕێزمانی ، وەستانی واتایی ) یەك دەگرنەوە ، بۆیە لەم نموونەی سەرەوەدا پێی دووەم لەهەر نیوە دێرێك ڕیتمێکی بەهێزی دەبێت ، چونکە کۆتایی پێ و کۆتایی وشە و کۆتایی واتای لەگەڵە .

بەڵام ئەگەر پێیەکانی دێڕە شیعرێك لە ناوەڕاستی وشەدا کۆتایی بێت ، ئەوکات ڕیتمەکەی وەکو نموونەکەی پێشەوە نابێت ، تەنیا لە وەستانی پێیەکان (وەستانی عەرووزی) دەبێت وەك لەم نموونەیەدا :

**/ بە نەشئەی با / دەیی حوسنی / مەلاحەت تا / کو سەرگەرمی /**

**ب - - -      ب - - -      ب - - -      ب - - -**

**/ دەکەی ئا زا / ری مەزلوومان / لەگەڵ میحنەت / کە شان خەسمی/**      دیوانی ئەختەر ل٦٨

**ب - - -      ب - - -      ب - - -      ب - - -**

**مفاعیلن      مفاعیلن      مفاعیلن      مفاعیلن**

وشەکانی (بادەیی ، حوسنی مەلاحەت ، تاکو) بەهۆی پێیەکانەوە تووشی کەرت کردن بوونەتەوە ، بەتەواوەتی ناکەونە ناو قاڵبی (مفاعیلن) ئەمجۆرە وەستانەی (پێ)یەکان ، ڕیتمی وەك ئەو (پێ)یانە بەهێز نابێت کەلە نموونەی پێشودا نیشاندران .

- ژمارەی کێش و قالبەکێشە عەرووزییەکانی شیعرەکانی (ئەختەر)، وەکو لە دیوانەکەیدا هاتوون بەم شێوەیە :

| زنجیرە | کێش | قالبەکێش | ژمارەی شیعرەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | هەزەج | ا- هەزەجی هەشتی تەواو | ١٠ |
| | | ب- هەزەجی شەشی مەحزوف | ٣ |
| ٢ | ڕەمەل | - ڕەمەلی هەشتی مەحزوف | ٣ |
| کۆ | | | ١٦ |

## - کێشی بڕگەیی (خۆماڵی) :

کێشێکی کۆن و نەتەوەییە ، زۆربەی بەستەوگۆرانی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی بەوکێشە هۆنراوەتەوە ، لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگە بنیات دەنرێت ، کێشی بڕگەیی لە زمانی خەڵکیەوە نزیکەو لەگەڵ خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەگونجێت ، بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە ، کە وشەکانی زمان کەرت ناکات ، واتە لە ژمارەی بڕگەکان تەنها بڕگەکانی وشەیەك بەجیا حساب دەکات ، بێ گوێدانە بزوێن و نەبزوێن و کورت و درێژو لەگەڵ بڕگەکانی وشەیەکی تر تێکەڵیان ناکات . بۆیە ئەم جۆرە کێشەی شیعر بەپێی ژمارەی بڕگە نەوەك کورت و درێژی بڕگەکان دیاری دەکرێت . لەم جۆرە کێشەدا ((حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دێرە شیعر و دابەش بوونیان بەسەر پێدا دەکرێ . گوێ بە جۆری بڕگە (کورت و درێژی) و چۆنیەتی

ڕێزبوونیان نادرێ))[1] کەواتە لە کێشی بڕگەیی کورت ودرێژی بڕگەکان لەدەست نیشان کردنی جۆری کێشەکە دەوریان نیە ، بەڵکو ژمارەی بڕگەکان ئەم دەورە دەبینن ، بەمجۆرەش لەکێشی عەرووز جیادەکرێتەوەو جیاوازە . ئەختەری شاعیر لە پاڵ کێشی عەرووزی ، خۆی لە مەیدانی کێشی بڕگەییش تاقیکردۆتەوەو شیعری لەسەر ئەم کێشە داناوە ، ئەویش تەنها دوو شیعری لەسەر ئەم کێشە هەیە کە یەکەمیانی لەسەر بنچینەی چوارینە داڕشتووەو بەمجۆرەیە :

**لە/ پەن/هان/ دەس/تم/ برد/ بۆ/ بەی/**

**ما/ران/ گاز/ بووم/ تر/سام/ لە/ حەی/**

**با/خە/وان/ بانگ/ ئە/کا/ نــەی/کەی/**

**ئێ/رە/ بــا/غـــی/ شـــای/ مـــا/را/نـــە/** دیوانی ئەختەر ل٦٤

لێرەدا شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی نووسیوە ، کە کێشێکی بڕگەیی باوە بەشێوەیەکی بەرفراوان زۆر لای شاعیران بەکارهاتووە ، کێشێکی سادەو ئاسان و ئاوازدارە ، شاعیر توانیویەتی ڕیتم و ئاوازەیەکی خۆش بدا بەشیعرەکەی ، کێشەکەی بەشێوەیەك پەیڕەو کردوەو دامەزراندوەو کە ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکەی پێ بەهێزترو خۆشتر کردووە . شاعیر دەستە پێی بڕگەکانی بەپێی ئارەزوو ویستی خۆی و بەگوێرەی پێویستی وشەو ڕستەو دەستەواژەکانی و شوێنی پشوودانی پێیەکانیانی پێویست کردووە ، بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون . بێ گومان ئەمەش تواناو سەرکەوتوویی شاعیر دەردەخات .

شیعرە بڕگەییەکەی تریش بریتییە لە پارچە شیعرێکی سێ دێری ، لیریکە و دەمێکە لە ڕێگەی ئاوازو گۆرانییەوە بڵاوبۆتەوە ، سروشتی پارچەییێکی شیعری فۆلکلۆری هەیە ، ئەمە دەقەکەیەتی :

**/دە/ما/غم/ وەز/نە // ئەم/شەو/ چل/ شە/وە/**

**/سە/دای/ زی/ل و/ بەم// بەز/می/ خوس/رە/وە/**

**/دە/ما/غم/ وەز/نە // مان/گی/ مەو/لو/دە/**

**/بێ/نە/ ما/چت /کەم // ما/چم/ مەق/سوو/دە/**

**/دە/ما/غم/ وەز/نە // مان/گی/ نی/سا/نە/**

**/بێ/نە/ ما/چت /کەم // بووم /بە/دێ/وا/نە/** دیوانی ئەختەر ل٦٤

ئەختەر ئەم پارچە شیعرەی لەسەر کێشی دە بڕگەیی نووسیوەو وەستانێکی کورتیش لە نێوانیاندایە ، ئەمەشیان کێشێکی بڕگەیی باوە بەشێوەیەکی بەرچاو لای شاعیران بەکارهاتووە ، کێشێکی سادەو ئاسان و ئاوازدارەو لە (٥ + ٥) بڕگە پێکدێت ، وەستانێکی کورت لە ناوەڕاستایە ، شاعیر توانیویەتی ڕیتم و ئاوازەیەکی خۆش بدا بەشیعرەکەی ، دەستە پێی بڕگەکانی بەپێی ئارەزوو ویستی خۆی و بەگوێرەی پێویستی وشەو ڕستەو دەستەواژەکانی و شوێنی پشودانیانی پیتەکانی پێویست کردووە ، بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون . دیارە بەشێکی شیعری فۆلکلۆری کوردی و هەروەها نزیکی هەموو شیعری زاری گۆرانی بەمجۆرە کێشە هۆنراوەتەوە .

**- سەروا :**

لێرەدا مەبەستمان لەسەروا سەروای دەرەوەی شیعرە لە پاڵ کێشی شیعریدا ، سەروا ڕەگەزێکی شیعریەو لەگەڵ کێشدا ئاوازی دەرەوەی شیعر پێك دەهێنێت ، سەروا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بنیات نانی دانەی ڕیتم و ئاوازی

[1]. عەزیز گەردی ، کێشناسی کوردی ، ل٢٣٩

شیعریدا ، وەکو دیاردەیەکی دەنگی و مۆسیقایی خۆی لەدووبارە بوونەوە دەدۆزێتەوەو لەگەڵ کێشدا ئاوازی شیعرەکە جوانتر دەکەن و دەبێتە هۆی بەرپابوونی ئاوازێکی سازگار و دلگیر لەبەیتەکەدا ، شاعیر دەورێکی گرینگی هەیە لەگونجاندنی بیرو مەبەستەکانی خۆی و دەربڕینی بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ سەرواکە بەکار بهێنێ بۆ دانانی ئاوازی جۆراو جۆرو ڕێك و پێك. کەواتە(( سەروا بریتییە لەودەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی لەکۆتایی وشە سەروا دارەکان دووبارە دەبنەوە ، ئەمە بەتایبەتی لەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعرو هەندێ جار لەناوەوەش دێت ))[1] سەروا لەکۆتایی نیوە دێڕەکان دێت و مەرجیش نییە هەرلەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعر دووبارە بێتەوە ، بەڵکو هەندێ جار سەروا لە ناوەوەی دێڕە شیعریشدا دێت و گرینگی بەناوەوەی دێڕە شیعر دەدا کە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پێك هێنانی ئاوازی ناوەوەی شیعر ، کە لەمەوبەر ئاماژەمان پێکردو لەسەری وەستاین .

**- ڕیتمی سەروا :**

دووبارەکردنەوەی سەروا گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە بەهێزکردنی مۆسیقای شیعر و ڕیتم و مۆسیقای دەرەوەی شیعر ، گرینگی سەروا لەوەدایە کە سەروا نیشتنەوەو کۆتایی هاتنی شەپۆلەکانی ئاوازەی دێڕە شیعرە ، جگە لەو زەمەنە یەکسانەی کە لە سەروادا دووبارە دەبێتەوە ، ئەمەش لەسەر کێش و سەروا دەوەستێت . شاعیر زۆرجار لە پێناو هێزکردنی ڕیتمی سەروا ، سەروا ڕادەکێشێتە ناوەوەی دێرە شیعر ، جگە لەدەنگی ڕەوی دەنگێکی تر شان بەشانی ڕەوی دووبارە دەکاتەوە ، یا بۆ ناوەڕاستی دێرەکان و هونەری کەرتکردنی پێ ئەنجام دەدا ، ئەو مۆسیقاو ئاوازەی بەهۆی گونجان و تەبایی وشەکانی دێرە شیعر دروست دەبێت هەموو لەیەك خاڵدا کۆتایی دێت ، ئەویش سەروایە کە نیشانەی کۆتایی هاتنی دێرە شیعرە . واتە ڕیتمی سەروا خۆی لەدووبارەکردنەوەی یەکسانی سەروا دەبینێت ، ئەو وەستانەشە کە لە کۆتایی دێڕە شیعرەوە دروست دەبێت . بۆیە سەروا ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرەو زۆربەی شاعیرانی کلاسیك هەر لە باباتاهیرەوە تا دوا شاعیرانی کلاسیك و قۆناغی گواستنەوەو نوێکردنەوەی شیعری ، تەنانەت شیعری هاوچەرخ و تائێستاش شاعیران پەیڕەوی دەکەن . (ئەختەر) وەك شاعیرێکی کلاسیك لە کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی شاعیرانی پێش خۆی بێ بەش نەبووە ، بۆیە پەیڕەوی ڕیتم و سەروای شیعری کلاسیکی کوردی کردووە . بە شێوەیەکی گشتی لە شیعرەکانیدا سەروای ستوونی پەیڕەو کراوە . هەر یاریکردنێك بەسەروا لەلایەن شاعیر ڕیتمێکی خۆی هەیە ، ئەگەر سەروا سازی ناوەوەی هەمان دەنگی ڕەوی دێرەکە بێت ئەوا ڕیتمی سەروا زیاتر بەهێزو کاریگەر دەبێت لە دەرەوەو ناوەوەدا .

مەبەستیش لە سەروا ئەو دەنگانەیە کەلە کۆتایی هەموو دێرە شیعری شیعرێکدا دووبارەدەبێتەوە ، لە سەرواشدا پاش سەروا هەیە کە مەبەست لێی ئەو وشانەیە کەلە دوای وشەی سەرواوە دێن ، واتە دەکرێت پاش سەروا ناوبێت یا فرمان یا ڕستە یا شێوە ڕستە بێت . پاش سەروا ڕیتمی سەروا بەهێزتر دەکات ، چونکە شان بەشانی سەروا دووبارە دەبێتەوە . وەك بۆ نموونە :

- کاتێك فرمانێکی کورتکراوەی وەکو (کە) ، کە لە (بکە)ەوە هاتووە دەبێتە پاش سەروا وەك :

**دەخیلت بم سەبا حاڵی پەشێوم عەرزی جانان کە**

**بەزاری دامەنی بگرە ، لە جەوری هیجری ئەفغان کە**

دیوانی ئەختەر ل٦٥

---

[1] . د.عەزیز گەردی ، سەروا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل٢٤

**- یا جاری وا هەیە وشەی سەروا لە شێوەی گرێیەکی وەسفی هاوتەریبە لە هەردوو نیوە دێرەکەدا کەلە (دیارخراو + ئامرازی خستنەپاڵ + دیارخەر + جێناوی لکاو) پێکهاتووە ، ڕیتمی ڕستە شیعریەکان بەرزو دڵنشین و بەهێزتر دەکات . وەك لەم نموونەیە :**

**ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفادارم**

**کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم**

دیوانی ئەختەر ل٧٠

- یا کاتێك (**جێناو**) دەبێتە پاش سەروا :

**سەرم گێژو دڵم بریانە بێ تۆ**

**لە دووریت پیشەکەم گریانە بێ تۆ** دیوانی ئەختەر ل٦٧

ئەم پاش سەرواو (ڕەدیف)انەی پێشەوە هەریەکەو جۆرێکن ، هەموویان ئەرکی بەهێزکردنی ڕیتمی شیعر بەگشتی و ڕیتمی سەروا دەبینن .

**دەنگەکانی سەروا :**

- **ڕەوی :** مەبەست لە ڕەوی ((دوادەنگی بنچینەی وشەی ڕەسەنی سەروایە کە هۆنراوەی لەسەر بنیات دەنرێ ، هۆنراوەکە هەر بەناوی ئەوەوە دەکرێ ئەگەر قیتعەو غەزەل و قەسیدەبێت))[1] کەواتە ڕەوی گرینگترین دەنگی سەروایە و ناوکی وشەی سەروایە ، هەر بۆیە شیعری لەسەر دا دەمەزرێ ، دەکرێ ڕەوی بزوێن یا نەبزوێن بێت ، وەك لەم نمونانەی خوارەوە :

**- ڕەوی بزوێن بێت :**

**سەرم گێژو دڵم بریانە بێ تۆ**

**لە دووریت پیشەکەم گریانە بێ تۆ** دیوانی ئەختەر ل٦٧

وشەکانی (بریانە ، گریانە) وشەی سەروان و ( ە ) لەهەردوکیاندا (ڕەوی) یە .

**- ڕەوی نەبزوێن :**

**من دەزانم چاوەکانت موڵکی دین وێران دەکەن**

**پەرچەم و ئەگریجەکانت قەسدی جیسم و جان دەکەن** دیوانی ئەختەر ل٦٦

دەنگی ( ن ) لە وشەی ( جان) دا (ڕەوی) یەو دەنگێکی نەبزوێنە .

**- سەروای دەرەوە :**

ئەختەری شاعیر لە قالبە سەروای دەرەوەدا زیاتر پەیڕەوی سەروای ستوونی کردوە لە شیعرەکانیدا ، لەپەیڕوکردنی سەروادا چۆن بۆی گونجابێت و دەروونی چی ویستبێت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووەو ڕیتم و ئاوازەیەکی خۆشی داوە بەسەروای شیعرەکانی . لێرەدا سەرنجێ لەسەرواو چۆنییەتی دابەش بوونی سەروای شیعرەکانی شاعیر دەدەین .

**- سەروای یەکگرتوو (یەکێتی سەروا) :**

لەم جۆرەدا سەروای هەموو دێرەکانی شیعرەکە لە سەرەوە تا کۆتایی وەکو یەکە ، یەك سەروایان هەیە . ئەختەری شاعیر تەنیا لە پارچە شیعری (دەماغم وەزنە)دا پەیڕەوی ئەم جۆرە سەروایەی کردووە .

---

[1] . عەزیز گەردی ، سەروا ، ل١١٢

**دەماغم وەزنە ئەمشەو چڵ شەوە**

**سەدای زیل و بەم بەزمی خوسرەوە**

**دەماغم وەزنە مانگی مەولودە**

**بێنە ماچت کەم ماچم مەقسوودە**

**دەماغم وەزنە مانگی نیسانە**

**بێنە ماچت کەم بووم بەدێوانە** دیوانی ئەختەر ل٦١

لەم پارچە شیعرەدا وشەکانی سەروا بریتین لە : (چڵ شەوە ، خوسەرەوە ، مەولودە ، مەقسودە ، نیسانە ، دێوانە ) لە کۆتایی نیوەدێڕەکان یەکێتی سەروا دەردەکەوێت ، کاتێ دەنگی ( ە ) لە کۆتایی وشەکان دووبارەبۆتەوە ، ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکەی بەهێزترو خۆشتر کردووە .

**- سەروای ستوونی :**

مەبەست لەم جۆرە سەروایەیە کە دوو نیوەدێڕی یەکەمی شیعرەکە یەک سەروایان هەیە و دێڕەکانی دواتر نیوەدێڕی یەکەمیان سەروای جیا دەبێت و نیوەی دووەمیشیان سەرواکەی دەچێتەوە سەر سەروای دێری یەکەم ئەجۆرە هونەرە لە شیعری کلاسیکیدا بە جۆرێك لە ڕازاندنەوەی دەستپێکی شیعر (تصریع) دەناسرێت و لە (٩٩٪)ی شیعرەکانی ئەختەر بەم جۆرە دارێژراون . وەك بۆنموونە :

**بەزنجیری محەبەتتان دڵی زارم گرفتارە**

**لە وێنەی شێت و شەیدایان ئەنیسم ناڵە و زارە**

**نییە غەیرەز جەفا پیشەم کەچی کەچ خولقە جانانم**

**ئەمەش مەعلوومە تەزویری ڕەقیبی شوومی بەدکارە**

**لە جەوری باغەبان و بێ وەفایی گوڵ لە گوڵشەندا**

**دڵی مەحزوونی بولبول دائما پڕ میحنەت و خارە** دیوانی ئەختەر ل٦٢

لێرەدا دەبینین نیوەدێڕی یەکەم یەك سەروای هەیە ، دێڕەکانی دواتر نیوەی یەکەمیان جیا دەبێتەوەو نیوەی دووەمیشیان دەچێتەوە سەر سەروای دێڕی یەکەم ، ئەمە ڕیتم و ئاوازەیەکی خۆشیان داوە بە سەروای دەرەوەی شیعرەکە .

**- سەروای چوارین :**

مەبەست لە چوارین ئەو جۆرە شیعرەیە کەلە چوار نیوەدێر پێکهاتووەو مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە ، دەشێت بەتەنیا بێت ، یا چەند کۆپلەیەکی چوارینی بێت لە شیعرێکدا . عەزیز گەردی لەبارەی چوارینەوە دەڵێت ((چوارین پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە ، پارچەیەکی تەنیایەو مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو (سۆفیزم و دڵداری و مەی و مەیخانەو دانایی و شتی تر) زۆرجاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ ، کەبەسەر چوارینە دابەش بووە))[1] . (ئەختەر)ی شاعیر هونەری چوارینی تەنها لە یەك شیعردا بەکارهێناوە بەناوی (لەسینەی) ، لە ناو قالبەکانی چوارینیش تارادەیەك سوودی لە قالبی چوارینە بەند وەرگرتووە ، چونکە سەروای هەر چوار نیوەدێرێکی بەم شێوەیە ( ١١١ ب ) ( ١١١ ب ) ( ١١١ ب ) واتە سێ

---

[1] . عەزیز گەردی ، سەروا ، ل٢٠٤

نیـوەدێری یەکـەم هاوسـەروان و نیـوەدێری چـوارەم سـەرواکەی جیـا دەبێتـەوە . وەك لـەم نموونـەی خـوارەوەدا بەدیاردەکەوێت :

**لە سـینەی ئیجاد بـوو دووبەی**

**قوبەی تـــاجی کاوس و کــەی**

**زینهار نەکەی دەستیان لێدەی**

**بـا بـمـێـنـێ بــۆ نـیـشـانــە**

**لە پەنهان دەستم برد بۆ بـەی**

**ماران گاز بووم ترسام لە حـەی**

**باخەوان بانگ ئەکا : نەی کەی**

**ئێرە بـاغــی شــای مـــارانـــە**

**خـالـی ڕەشی سەر ڕوومــەتی**

**حەجرو لئەسوەد خـۆیــەتـــی**

**هــەرچـــی بـکـــا زیـــارەتی**

**لــە مـەرتـەبـەی شـەهـیـدانــە**

**ئاهوەکـانـی سەحـرای خوتـەن**

**ئێـرەیـان لــێ بـۆتــە مەفتەن**

**لـێیان گـەڕێن سـلیان مەکەن**

**بـا چارەکــەن ئــەم دەردانــە** دیوانی ئەختەر ل٦٤

لێرەدا شیعرەکە لە چوار کۆپلەی چواری پێکهاتووە ، کـە هـەر کۆپلەیـەکیان مەبەسـتێکی تایبـەتی هەیـەو سـەروای سێ نیوەدێری یەکەم لە هەرکۆپلەیەکدا ( ی )یە و نیوەدێری چوارەمیشیان ( ە )ە ، کە بەیەکەوە ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکەیان بەهێزترو خۆشتر کردووە .

- ژمارەی شیعرەکان و جۆری سەروا لە شیعرەکانی (ئەختەر)دا بەم شێوەیە :

| زنجیرە | جۆری سەروا | ژمارەی شیعرەکان |
|---|---|---|
| ١ | سەروای یەکگرتوو | ١ |
| ٢ | سەروای ستوونی | ١٦ |
| ٣ | چوارین | ١ |

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کـە (ئەختـەر) تـەنیا یـەك شـیعری لەسـەر یـەکێتی سـەروا ( سـەروای یـەکگرتوو) نووسیوەو یەك شیعریشی لەسەر سەروای چوارینە نووسیوە ، لەتەواوی شیعرەکانی تردا پەیڕەوی سەروای ستوونی کردووە ، ئاوازەو ڕیتم و مۆسیقایەکی خۆشی داوە بە شیعرەکانی ، سەرواکانی بە شێوەیەك دارشتوون ، کە ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکانیان بەهێزترو خۆشتر کردووە .

## ئەنجام

١- ڕیتمی شیعر یەکێکە لەلایـەنی هونـەریی ئیسـتاتیکی شـیعری ، ڕەگـەزێکی گرینگـی شـیعرەو پەیوەندییـەکی پتەویان هەیە لەگەڵ شیعر .

٢- زۆربەی ڕیتمی شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر) بەهۆی دووبارەکردنەوەیەو زۆریش سەرکەوتووبووە تێیدا ، ڕیتم و ئاوازەیەکی بەهێزو خۆشی داوە بەشیعرەکانی بەهۆی ئەو وشەو دەستەواژانەی هەڵیبژاردوون ، بەشێوەکە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و زیاتر چێژی لێ وەردەگرێت ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕیتم و ئاوازەیەی کەلە شیعرەکانیدا هەیەو بۆتە هۆکارێك تا ئەوەی هەستی وەرگر بۆلای خۆیان ڕاکێشن .

٣- زۆربەی شیعرە کوردییەکانی شاعیر لەسەر کێشی عەرووزی هۆنراوەتەوەو لەمەشدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە .

٤- لە بەکارهێنانی سەروادا پەیڕەوی یاساکانی سەروای ستوونی کردووە ، تەنیا دوو شیعری نەبێت کە یەکێکیان سەروای یەکگرتووەو ئەوی تریشیان چوارینە ، پاش سەرواشی هەیە ، ئەمەش بۆتە هۆی بەخشینی چەند ڕیتم و ئاوازەیەکی ناوازە بە شیعرکانی .

٥- هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕۆلیان هەبووە لە بنیاتنانی ڕیتم و ئاوازەی شیعری لەلای شاعیر ، بە شێوەیەك کە هەر هونەرێکی ڕەوانبێژی جۆرێك لە ڕیتم و ئاوازە بەشیعر دەبەخشێت .

## سەرچاوەکان

**- سەرچاوە کوردییەکان :**

- ئاسۆ عمر مستەفا ، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێردو شێخ نوری شێخ صالح و گۆران ، لەبلاوکراوەکانی دەزگای موکریان ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩.

- ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردی ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم ، سلیمانی ، ٢٠٠٣ .

- جان کۆهین، بنیاتی زمانی شیعری ، وەرگێرانی د. ئازاد عبدالواحید، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد ،لقی کەرکوك ،چاپخانەی ئارابخا،چاپی یەکەم ،٢٠٠٨ .

- دیوانی ئەختەر"ئەمین ئاغای حاجی بەکراغای حەوێزی"(١٨٣٨-١٨٨٨)ز ، نووسین و کۆکردنەوەی تاهر ئەحمەد حەوێزی ، ٢٠٠٢ .

- سامان عیزەدین ، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ، بەرێوەبەریەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلیمانی ، سلیمانی ، ٢٠١٠ .

- شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری ، دەزگای سپیرێز ، دهۆك ، ٢٠٠٨ .

- عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم - جوانکاری ، چاپخانەی شارەوانی ، هەولێر ، ١٩٧٥

- عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩ .

- عەزیز گەردی ، سەروا ، دەزگای چاپ و بلاکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ،١٩٩٩

- عەزیز گەردی ، کێشناسیی کوردی ، نارین بۆ چاپ و بلاوکردنەوە ، هەولێر ، ٢٠١٤.

- علی طاهر حسێن ، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن ڕەخنەی شیعری کوردی بەنمونەوە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلیمانی ، ٢٠٠٨ .

- عبدالرزاق بیمار ، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی ، دار الحریة للطباعة ، بغداد ، ١٩٩٢ .

- مەلا عبدالکریمی مدرس ، بدیع و عەروزی نامی ، چاپخانەی دار الجاحظ ، بغداد ، ١٩٩١ .

- هێمن عومەر خۆشناو ، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠١٠ .

**- گۆڤارەکان :**

- عەزیز گەردی ، سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیریدا ، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك ، ژمارە ٦ ، ١٩٩٩ .
- **نامەی ماستەر :**
- نعمت الله حامد نهێلی ، شێوازگەری تیۆرو پراکتیك ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی دهۆك ، ٢٠٠٦ .
- هیوا نورالدین عزیز ، بنیادی ڕیتم له شیعرە کوردییەکانی مصباح الدیوان(ئەدەب)دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی زمان ، بەشی کوردی ، ٢٠٠٩ .
- یاسر حەسەن تاهیر ، بنیادێ ڕیتمی دشعرا نوویا کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی دهۆك ، ٢٠٠٦
- **سەرچاوە عەرەبییەکان :**
- احمد الهاشمی ، جواهر البلاغة ، دار احیاء التراث العربی ، بیروت ، لبنان ، سنة ؟ .
- ابن طباطبا العلوی ، عیار الشعر ، بیروت ، ١٩٨٢ .
- د. ایمان محمدامین الطیلانی ، بدر شاکر السیاب دراسة اسلوبیة لشعرة ، دار وائل للنشر والتوزیع ، الاردن ، ٢٠٠٨ .
- الدکتور حسن محمد نورالدین ، العقد البدیع فی فن البدیع ، دار المواسم ، ؟ ، ٢٠٠٠ .
- الدکتور عیسی علی العاکوب ، العاطفة والابداع الشعری ، الطبعة العلمیة ، دیمشق ، ٢٠٠٢ .
- د.غالب فاضل المطلبی ، فی الاصوات اللغویة ، دائرة الشؤون الثقافیة والنشر ، بغداد ، ١٩٨٤ .
- الدکتور محمد مندور ، فی المیزان الجدید ، دار النهضة ، مصر للطبع والنشر ، قاهرة ، ١٩٧٣ .
- نازك الملائكة ، قضیا الشعر المعاصر ، طبعة الثالثة عشر ، دار العلم الملاین ، بیروت ، ٢٠٠٤ .
- د.نزار بریك هنیدی ، فی مهب الشعر ، منشورات اتحاد الکتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠١ .
- د.هلال جهاد ، جمالیات الشعر العربی ، الطبعة الاولی ، مرکز دراسات الوحدة العربیة ، بیروت ، ٢٠٠٧ .
- **رسائل الماجستیر:**
- شاهۆ سعید ، دلالات البناء الایقاعی فی الشعر ، رسالة ماجستیر ، کلیة اللغات – جامعة السلیمانیة ، قسم اللغة العربیة ، ١٩٩٩.
**سەرچاوە فارسییەکان :**
- دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی ، موسیقی شعر ، تهران ، ١٣٨٠ .
- میر جلال الدین گزازی ، زیباشناسی سخن فارسی / ٣ ، تهران ، ١٣٨١ .

## کورتەی توێژینەوەکە

ڕیتم بنەماو ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە ، گرینگی ڕیتم و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ مۆسقاوە بەشێکی گرینگی بنیات و ئیستاتیکای شیعر پێکدەهێنێت ، ئەم باسە لێکۆلینەوەیەکی ڕەخنەیی پڕاکتیکیە لە مەڕ شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر) ، کە شاعیرێکی بەتوانای کلاسیکی کوردە ، تائێستا لێکۆڵینەوە لە ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکانی نەکراوە ، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر ڕیتمی شیعرە کوردییەکانی (ئەختەر) و تایبەتە بە هونەرەکانی بنیادی ڕیتم و مۆسیقای شیعری ، باسەکە بەپێی ڕێبازی تیۆری و پڕاکتیکی ئەنجامدراوە . پرۆگرامی کارەکەش بەم جۆرە داڕێژراوە : تەوەرەی یەکەم : لەم تەوەرەدا چەمکی بنیاد و ڕیتم روونکراوەتەوە ، پاشان جۆرەکانی ڕیتم و پەیوەندی نێوان کێش و ڕیتم و ڕیتم و شیعرو مۆسیقا کراوە . تەوەرەی دووەم : ئەم تەوەرەیان لەبارەی ڕیتمی ناوەوەی شیعرە ، کە خۆی لە دووبارەبوونەوەی (دەنگ و وشەو دەستەواژەو ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی) دەبینێتەوە ، پاشان سەرواسازی ناوەوەو جۆرەکانی سەرواسازی و ئەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی کە دەبنە هۆی دروست بوونی ڕیتم . پاشانیش باس لە ڕیتم ی بێدەنگ و جۆرەکانی و دروست بوونی کراوە. تەوەرەی سێیەم : ئەم تەوەرەشیان باس لە ڕیتمی دەنگدار دەکات ، تایبەتە بەکێش و سەروا ، تیادا ڕیتمی هەریەك

لەقالبەکێشەکان و گۆڕانکارییە عەروزیەکان خراوەتە ڕوو ، دواتریش چەند لایەنێکی سەرواى دەرەوەی شیعر نیشاندراوە .


## ملخص البحث

البناء الايقاعى في شعر (ئەختەر)

يعتبر الايقاع بنية اساسية فى الشعر ، فهو يشكل قيمة جمالية من ناحية الشكل ، ومذاق داخلى خاص من ناحية الجوهر . وهو بالاساس انعكاس للبواعث النفسية والباطنية للشاعر التى تنتقل الى القارئ او المتلقى و بالتالى سيطر على شعوره واحاسية . والايقاع فى الدراسات النقدية الحديثة ذوشقين :
احدهما الايقاع الاخارجى وهو يعتمد على المسائل المتعلقة بالوزن والقافية . والثانى هو الايقاع الداخلى الذى يتحقق عن طريق التوافقات الصوتية من تكرار وتوازى وتتابع المقاطع والاصوات . وانطلاقاً مما سبق تتناول هذه الدراسة مسالة الايقاع الشعرى في نتاج الشاعر الكردى الكلاسيكى (ئەختەر). وهى تتكون من محاور رئسية ثلاث : المحور الاول : تدور حول المسائل النظرية المتعلقة بلايقاع الشعرى بصورة عامة . المحور الثانى : مخصص للمسائل المتعلقة بالايقاع الداخلى متمثلاً في مسائل التكرار والتوازى من النواحى الصوتية والصرفية والنحوية فى أشعار (ئەختەر). أما المحور الثالث : فهى تدور حول مسائل الوزن والقافية والتى تشكل ملامح الايقاع الخارجى في نتاج الشاعر .

## Abstract

Rhythmical structure in the poetry of (Akhtar)

The Rhythmical structure is considered a basic element in poetry. It constitutes an aesthetic value, as far as form is concerned. Basically, it is an echo of the poet sinner feelings, which are conveyed to the reader. The Rhythm is divided according to modern critical studies in to two kinds: the first is outer rhythm which is related to rhyme and meter; the second is internal which can be achieved through sound compromise like repetition, assonance, and illustration and sequence of Syllables. Accordingly this study deals with the poetic rhythm in the literary product of the Kurd poet, Akhtar, and it is divided in to three: The first chapter deals with the theoretical aspects related to the poetic rhythm in general. The second chapter is related to the aspects related to the internal rhythm like repetition, discrepancy of rhythms, according to sound, morphological and syntactical aspects in the poetry of Akhtar. The third chapter is about rhyme and meter, which constitute the aspects of the outer rhythm in the poetry of Akhtar.




View publication stats